

# ئەو بێ تاوانەی زینـ

●●●
**قادر هێشتا تەواو دوکانەکەی نەکردبۆوە کاتێک دوو کەس لە پشتەوە دەستیان گرت و گوتیان ئێمە پۆلیسین، تا بنکەی پۆلیس وەرە چەند قسەیەکت لەگەڵ دەکەین**
●●●

هەندێ مرۆڤ هەن ئارەزووی سەیریان هەیە و وەکو خووەك ئالودەی بوونە وەکو کەوبازی و کۆتربازی و تەیرو باڵندە بەخێوکردن و زۆر ئارەزووی تریش، قادر عەلیش یەکێکە لەو پیاوانەی کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی لەبەخێوکردنی کۆترو کۆتربازی بەسەر بردووە، ئەو چێژێکی زۆر لەم کارەی دەبینێ و رۆژانە کاتێکی زۆر لە تێرکردنی ئەو ئارەزووەی بەسەر دەبات، جگە لەوەش بەو ئارەزووەی بژێوی ژیانیشی دابین دەکات و هەندێ جار دەستکەوتی باشیش بەدەست دێنێ، بەڵام حەزی کۆتر بەخێوکردن و راگرتن و کڕین و فرۆشتنی هەندێجار بێ کێشەش نییە، قادر لە کۆتر بەخێوکردندا یەك دووجار نەبێت کە تووشی کێشەی سووك بووە دەنا هەرگیز لەو کارەیدا کێشەی گەورەی تووش نەهاتووە، ئەو جارە نەبێ کە پەلکێشی بەندیخانە کراو لەسەری دادگایش کرا، بابزانین قادر چۆن پەلکێشی دادگا کرد..؟

## هەرزەکارێکی ساختەچی

قادر وەك پیشەی هەمیشەی خۆی، هەموو رۆژێك لەگەڵ گەردی بەیانیاندا دەچووە دوکانەکەی، کە کەوتبووە ناو مەیدانی کۆتربازان، لەو مەیدانە جگە لە کۆتر فرۆشی، کڕین و فرۆشتن بەجۆرەها ئاژەڵی کێوی و ماڵی و تەیرو توار دەکرێ، قادر لەو مەیدانەدا پتر لە حەوت هەشت ساڵێك دەبێ دوکانێکی خنجیلانەی لە سوچێکی ئەو بازاڕەدا بەکرێ گرتبوو، لەو بازاڕەدا هەر وەك جۆرەها تەیرو باڵندەو گیاندار هەن و سەوداو مامەڵەیان پێدەکرێت، هەروەها جۆرەها کڕیارو فرۆشیاریش رووی تێدەکەن، هەندێ لەو کڕیار و فرۆشیارانە، کەسانی کاسبکار و دەستپاك و راستگۆن، هەندێکی کەشیان بەپێچەوانەن، ئینجا جاری وا رێکدەکەوێت کەسی ساختەچی و قۆڵبڕو بگرە دزیش لە بازاڕەکە دەبینرێن و لەژێر ناوی جۆراوجۆرەوە سەودا دەکەن، (رۆژگار) هەرزەکارێکی بژێو و خاوەن پێشینەی تاوانییە ناوە ناوە کەتنێك دەکات و ماوەیەك خۆی بزر دەکات، یەکێك لەو کردەوانەشی ئەوەیە کە بەفێڵ و ساختە کۆتر پەیدا دەکات و بەنرخێکی هەرزان دەیفرۆشێتەوە... رۆژگار بەر لەوەی ئەو رۆژە بێتە مەیدان، سێ رۆژ پێشتر لەشارەدێیەك کۆمەڵێك کۆتری گرانبەهای دزیبوو، کە هاتبووە مەیدان یەکێکی دیتبۆوە کە بیفرۆشێتەوە ئەوە بوو بەنرخێکی مەیلەو هەرزان کە کردییە ٣٠ دانە گەڵا فرۆشتیە کەسێك ئەو کەسە (رۆژگار)ی نەدەناسی، ئەوەبوو ئەو کەسەش پاش چەند رۆژێك دوکان بەدوکانی کرد بۆ فرۆشتنیان و وابوو مامەڵەکە کەوتە نێوان قادر و کابرای فرۆشیار، قادر چونکە کۆتربازێکی شارەزاو کۆن بوو، کەچاوی بەکۆترەکان کەوت زانی کۆتری نایابن و وێنەیان کەمە، لەگەڵ کابرا کەوتە گفتوگۆ و دواجار پێکهاتن لەسەر کڕینی یان، ئەوە بوو قادر ئەو کۆترانەی کە ژمارەیان ٤٣ جووت بوون بەنرخێکی باش لەکابرای فرۆشیار کڕی، قادر کە سەیری کۆترەکانی دەکرد، دەیبینی سیفاتی زۆر نایابیان تێدایە وهەندێ لەو کۆترانە هی ناو کوردستانیش نین،هەروەها کەچاوی بەجووتێك کەوت سەری سورماو چاو ئەبڵەق لەدیاریان دانیشت ئاخر باشە ئەم جووتە زۆر نایاب و گرانبەهان، چۆن چۆنی گەیشتونەتە لای ئەم فرۆشیارەو لەکوێی هێناون، ئەوەی بیری لێنەدەکردەوە دزینی ئەو کۆترانە بوو، ئەوەی هەر بەخەیاڵیشدا نەدەهات، چونکە ئەو قەت شتی دزیاری نەکڕیبوو.. ئەی ئەم کابرایە چۆنە وا کۆترەکانی تری داوەو بەکۆمەڵ فرۆشتوونی، خۆ تەنها ئەم جووتە بەتەنها نرخیان ٢٠ گەڵا دەبێ، یان ئەوەتا پیاوێکە زۆر لە تەنگانەدا بووەو پێویستییەکی زۆری بە پارە هەبووە، یانیش ئەوەتائەو کۆترانەی نەبینیوە و نەناسیوە، قادر داینابوو ئەو جووتە بەجوانی بەخێو بکات بەڵکو مێیەکەیان هێلکە بکات و چەند پێچوویەکان لێ بەرهەم بێنێ لەخەیاڵی ئەوەدابوو، شوێنێکی نایابیان بۆ ئامادە بکات ئیدی ئێوارە جووتە کۆترە نایابەکەی بردەوە ماڵێ و منداڵەکانی لەدەوری خڕکردنەوەو بۆیانی باس کرد کە ئەم جووتە کۆترە لە هەموو کۆترەکانی دوکانەکەی بەنرخترو دەگمەنترن خۆی و منداڵەکانی بە بزەو پێکەنینەوە لە دیار



# ـدانی کرا

جووتە کۆترەکە ئەڵقەیان پێك هێنابوو بڕیاریدا بەیانی قەفەزێکی جوان و نایابیـــان بۆ بێنێتەوەو چاودێرییەکی تەواویـــان لێبکات، ئەم جووتە کۆترە هەر لەبەرئەوەنا کە گرانبەهان بۆیە لای قادر خۆشەویست بوون، بەڵکو لەبەر ئەو سیفاتانەش کە هەیانبوو مەگەر هەر کەسێکی عاشقی کۆتری وەك قادر بیزانێ ئەوە جگە لەوەی هەر جارێکی تەماشـــایانی دەکردن کۆمەڵێك شاگەشکە دەبوو، بەو خەیاڵانەوە چووە سەر جێگەکەی و چاوی لێکناو نووســـت، بەیانی هـــەر وەك ڕۆژانی عادەتی لە خەو هەڵســـاو دەمێك دیقەتی کۆترەکانی داو گەمەگێکی لەگەڵ کردن و دوای دەست و چاو شـــتن و خواردنی پارووە نانێك جلەکانی لەبەرکردن و کلیلی دوکانەکەی لە پەنجە گەورەی دەســـتی کرد و لۆژ لۆژ بەرەو دوکان بەڕێکەوت

## سەرەتای کێشەکان

لە ڕێگادا خۆشـــی و شاگەشـــکەی کۆترەکانی کەمێك کەمبۆوە و ئێســـتا بیری لەوە دەکردەوە کە چـــۆن پارێزگاریان لێبکات و بەچاکی بەخێویـــان بکات و لێنەگەڕێ نەخۆش بکەون تا هێلکە دەکەن، هەر بەو خەیاڵانەوە لەدوکانەکەی نزیك بـــۆوە و ئەڵقەی کلیلەکانی لەپەنجەی دەستی دەرهێناو گەیشـــتە دوکانەکەی هەر هێندە خۆی خوارکردەوە و قفڵی دوکانەکەی بە دەســـتێکی گرت و بەدەستەکەی تریش خەریکی بوو کلیلەکەی تێنێ، دوو کەس لەملا و ئەولای توند دەســـتیان گرت و پێیان گوت ئێمە پۆلیســـین و هەتا بنکەی پۆلیس لەگەڵمان وەرە چەند پرسیارێکت لێدەکەین، هێشتا قســـەکانیان تەواو نەکردبوو، کەلەپچەیان لە دەســـتی کرد، لەگەڵ خۆیان بردیانە بنکـــەی پۆلیس( قادر) هەر چەنـــد گوتی: کاکە چیم کردووە، بۆ دەمگـــرن ، ئاخر تاوانم چییە و بۆچی بێتاوان ڕاپێچی بنکەی پۆلیسم دەکەن، بێسوود بوو، پۆلیسەکان چ وەڵامێکیان نەدەدایەوە، ئەوەندە، نەبێ ((کاکە کە گەیشـــتین هەمموو شـــتێك دەزانی))، کە گەیشـــتنە بنکە، بردیانـــە ژووری لێکۆڵینەوە دایانیشاند، لێکۆڵەر خەریکی ئامادەکردنی کۆنووسی لێکۆڵینەوە کردن بووم یەکەم پرســـیاری کە لێکرد ئەوە بوو: ئەم کۆترانەت لە کوێ و لە کوێ دزیووە؟ (قادر) ســـەری ســـوڕما کە گوێی لەو پرسیارە بوو وای زانی بە هەڵە لە پرســـیارەکە گەیشـــتوو بۆیە ڕووی دەمی لە لێکۆڵەر کردوو گوتی: گەورەم چیم کردووە؟

ئەویش دووبـــارەی کردەوە و گوتی ئەو کوترانەت لە کوێ و لە کێ دزیون، (قادر) بڕوای نەکرد کە پرســـیاری وا لێبکرێت گوتی: دزینی چی، من کۆڵێك پارەم داوە تا ئەو کۆترانەم وەرگرتووە دزینی چی..؟

بە هەرحـــاڵ دواتـــر تێگەیەندرا کـــە کابرایەك هاتووە ســـکاڵای تۆمارکردووە کە کۆمەڵێك کۆتری لێدزراوە و لەو بازارە فرۆشراوە(قادر) هەر چەند سوێندی خوارد کە ئەو کڕیویەتی و نەشیزانیووە کە دزیارییە و بە نرخی بازاڕ کڕیوویەتی، بەڵام بێ سوود بوو ئەوانە نەبوونە هۆی ئازادکردنی، لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەی خۆی تەواوکرد و نووسراوەکەی بردە بەردەم ئەفسەری بەرپرس و پاش ئیمزاکردنی بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتی تاوانەکە و چارەنووسی کەسی تۆمەتبار، بردرایە بەردەم دادوەر، ئەویش بڕیـــاری بەندکردنی دوو ڕۆژی بـــۆ بڕییەوە،(قادر) ئەوەی بە چاوی خـــۆی دەدیت بـــاوەڕی نەدەکرد، دەمی تەتەڵەی کردبوو، قســـەی بۆ نەدەهات، هەر بەو وەزعەوە مایەوە تا گەیاندرایە بەندیخانەش.

## ئازادکردنی قادر

(قادر) کە گەیشـــتە هۆڵی بەندیخانە هەندێك هاتەوە سەرەخۆ و باشتر بیری لە مەسەلەکە کردەوە، بەندییەکانی ناو بەندیخانە هەندێکیان لێـــی خڕبوونەوە و زوو دڵیان دایەوە و تۆزێك ورەیان بەرزکردەوە و بەو شـــارەزاییەی کە لە بەندیخانە هەیانبوو تێیانگەیاند کە ئەو شتێکی کڕیـــوە کە دزیاری بووە، ئەگەر بـــۆ دادگاش ڕوونبێتەوە نەیزانیووە کـــە دزیاری بووە، ئەوە دادگا ئـــازادی دەکات، بە هەرحاڵ (قادر) ، نزیکەی(١٠) ڕۆژێك لە بەندیخانە بەندکراو پاشان بە دەستەبەری تا ڕۆژی دادگایکردن ئازادکرا، لە بەندیخانە هاتە دەرەوە و هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و هەستی بە خۆشییەك کرد و لە ناخیشییەوە نەفرەتی لەو دزە کرد کە ئەو کۆترانەی دزیووە و ئەمی تووشی ئەو زەحمەتی و ناخۆشـــییانی بەندکردن کرد، هەر چۆنێك بێت چۆوە سەر کارەکەی خۆی و ڕۆژی دادگای لەدادگا ئامادەبوو.

پـــاش ئەوەی دەرکـــەوت کە نەیزانیووە کۆتـــرەکان دزیاری بووە، بڕیـــاری ئازادکردنی درا، جەنابی دادوەر بە قســـەکانی (قادر) بۆی دەرکەوت کە ئەو کابرایە نەك هەر ئارەزوومەندی کڕین و فرۆشـــتنی کۆترە بەڵکو هەر بەڕاســـتی عاشقی کۆتریشە بەڵام نەیزانی بۆچی وا بەبایەخـــەوە لەو جووتە کۆتـــرەی ڕوانیووە بۆیە هەر بە پێکەنینەوە گوتـــی: دەی قادر ئەوە زانیمان نەتزانیبوو ئـــەو کۆترانە دزیارین و تاوانەکەت لەســـەر لاچوو، بەڵام وەك لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتبوو تۆ زۆر بەمەراقەوە باســـی جووتە کۆترێکـــت کردبوو، ئەوانە چ جۆرێك بـــوون، قادریش گوتی:وەڵلا جۆری زۆر دەگمەنن و لەسەرانســـەری ئەم وڵاتە ئەگەر چووتێك هەبن، و نرخیشـــیان تابڵێی گرانە، جووتی وا هەیە (٥٠) گەڵا تا(١٠٠) گەڵاش دەکات، ئەمنیش لە خۆشـــی ئەوانـــە ئاگاما لەکۆترەکانی تر نەما، هـــەر چەندە جاری یەکەم کە لـــە کابرام کڕی نەمدیتبوون و نەمزانی لە ناو ئەو کۆمەڵە کۆترەدان، بەڵام چۆن بەدەست ئەو پیاوە گەیشتووە و چۆن تێکەڵی ئەو کۆمەڵە بووە نازانم...

●●●
**لێکۆڵەر لێکۆڵینەوەی خۆی تەواوکرد، ئەفسەری بەرپرسیش پاش ئیمزاکردن لەسەر بابەتی تاوانەکە ڕەوانەی دادگای کرد، لەوێ دادوەر بڕیاری بەندکردنی قادری دا**
●●●



# شلێر و تراژیدیای عەشقێکی کەم وێنە

ئا: خەندە گۆڕان

(شلێر) هەروەکو کچانی دیکە حەزی لە ژیان و خۆشییەکانی ژیان دەکرد، کچێك بوو، وەکو گوڵێکی تازەپشکووتووی بەیان بۆ ژیان پێدەکەنی، بەڵام بەداخەوە ئەویش هەروەکو زۆر لە کچە بێ ئومێد و بێ نازەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەر زوو هیوا و ئاواتەکانی بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لەگەڵ خۆیدا دەباتە ژێر گڵەوە، خونچەی ژیانی هەڵدەوەرێ و لاشە جوان و ناسکەکەی دەبێتە خۆراکی ئاگر، شلێر لە تەمەنی (٢٥)بەهاری خۆیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و چاوەکانی بۆ هەتاهەتایە لێکنا، رووە و سەفەرێکی دووروردرێژ، کاروانی خۆی بەرێکرد.

هەروەکو یەکێك لە نزیکترین کەسانی ئەو کچە جوانەمەرگە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (شلێر) کچێکی پاك و بێگەرد بوو زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە نێو چواردیواری ماڵەوە بەسەردەبرد، چونکە براکەی ئەمجۆرە ژیانەی بۆ ئافرەت دەویست بە چاوێکی زۆر نزمەوە سەیری ئافرەتی دەکرد و جیاوازییەکی زۆریشی لە نێوان ئەم دوو رەگەزەدا دەکرد، (شلێر) دووەم منداڵی ئەم خانەوادەیەبوو، تەنیا برایەکی لەخۆی گەورەتری هەبوو، ئەویش ئەو برایەی بوو کە زۆر توندبوو لەگەڵیدا و هەڵسوکەوتی زۆر خراپ بوو، رۆژانە کۆمەڵێك کۆت و پەیوەندی تازەی دەخستە بەردەم خوشکەکەی، لە جیاتی گۆڕان و نوێخوازی بەپێچەوانەوە دەگەڕاوە بۆ حەفتا ساڵ لەمەودوا، رۆژ لە دوای رۆژ ژیانی لێ تاڵتر دەکرد، هەرچەندە ئەوەندی من ئاگاداری بووم دایك و باوکی و تەنانەت من خۆشم هەوڵمان لەگەڵیدا تا هەڵسوکەوتی لەگەڵ (شلێر) باش بێت، چونکە(شلێر)کچێکی تابلێی ئاقڵ و رۆشنبیر بوو و لەنێو خەڵکیش خۆشەویست بوو، خەڵکی هیچ کات ناویان بەخراپە نەدەبرد، بەپێچەوانەی براکەی، دیارە هەر ئەمەش هۆکار بوو، بۆ ئەوەی براکەی هەڵسوکەوتی بەمجۆرە بێت لەگەڵیدا، نەیدەویست کەسێك لەخانەوادەکەی لەو باشتر بێ، تەنانەت ئەوەی من لێی ئاگاداربووم چەندین داواکاری (شلێر)یشی رەتکردبووەوە، بەڵام قەدەری وایکرد بەرێکەوت(شلێر) پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا بەناوی (ئەحمەد)

دروست دەکات و لەگەڵ ئەو کوڕە دەبنە هاوسۆزی یەکتر، تاوەکو پەیوەندی خۆشەویستی راستەقینە لەسەر بنچینەیەکی پاك و بێگەرد بە یەکیان ببەستێتەوە و بڕیار دەدەن بۆ یەکتربن و ژیانی هاوسەریێتی پێك بهێنن، ئەوەبوو (ئەحمەد) ئەو خۆشەویستییە لای دایکی دەدرکێنێ و ئەم هەواڵە بەخانەوادەکەی دەگەیەنێ کە کچێکی جوان و رەوشت بەرز چۆتە دڵییە و پەیمان و بەڵێنیان پێکەوە داوە بۆ ژیانێکی هەمیشەیی و لە ماڵێکی خنجیلانە کۆببنەوە، ئەوکات خانەوادەکەی (ئەحمەد) هەواڵ دەدەنە ماڵی باوکی (شلێر) کە بۆ کارێکی وا سەردانیان دەکەن و ئەوانیش سەردانەکەیان قبووڵ دەکەن، تا ئەو رۆژەی دایك و باوکی (ئەحمەد) سەردانی ماڵی (شلێر) دەکەن و ئەو داوایەیان دەخەنە بەردەم، هەرچەندە دایك و باوکی (شلێر) بەخۆشحاڵییەوە رازی دەبن، بەڵام براکەی دێتە وەڵام و دەڵێت من بە هیچ جۆرێ رازی نیم کەوا (شلێر) شوو بەو کوڕە بکات و نابێت ئەو کارە سەر بگرێت، چونکە هەستمکردووە کەوا هەردووکیان یەکتریان خۆش دەوێت، دیارە ئەم کچە دەیەوێت ئابڕوومان بەرێ و خەڵکی چیمان پێ دەڵێت، هەرچەندە باوکی (ئەحمەد) هەوڵی زۆری لەگەڵدەدات، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود و بێ ئەنجام دەبن، بۆیە بەبێ ئومێدی و دڵشکاوی دەگەڕێنەوە ماڵەوە کە ئەم هەواڵە ناخۆشە بە(ئەحمەد) دەگەیەنن یەکسەر لەهۆش خۆی دەچێت و ئەوانیش دەست بەجێ دەیگەیەننە نەخۆشخانە و دوای چەند کاتژمێرێك دێتەوە سەر خۆی، بۆیە کە باوکی (ئەحمەد) ئەم دیمەنە دەبینێت و کەوا ئەم هەواڵە چەند کاریگەر بووە بەسەر کوڕەکەی بۆیە دەستەوەستان ناوەستێ و ئەمجارە چەند ریش سپی و پیاوە ماقوڵێك لەگەڵ خۆیدا دەبات و دووبارە بەرەو ماڵی باوکی (شلێر) دەکەونە رێ، بەڵام شێوازی هەڵسوکەوتی براکەی (شلێر) لە جاری پێشوو زۆر توندتر دەبێت لەگەڵ رەتکردنەوەی داواکەیان هەڕەشەی کوشتنیش لە خوشکەکەی دەکات ئەگەر رازی بێت شوو بەم کوڕە بکات، بۆیە (شلێر) ناوێرێ قسەیەك بکات و زۆر بەبێ دەستەڵاتی دەچێتە ژوورەوە و دەرگا لەسەر خۆی دادەخات و بیر لە چارەڕەشی ژیانی خۆی دەکاتەوە، هەر کە براکەی (شلێر) بەمجۆرە دەبینێت کە زۆر بەغەمباری لە سوچێکی ژوورەکە دانیشتووە و هێشتا میوانەکان نەچووبوونە دەرەوە، پەلاماری دەدات و دوای لێدان و کوتانێکی زۆر هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات و دەرگای لەسەر دادەخا و بەتووڕەیی دەگەڕێتەوە لای میوانەکان ئەوانیش کە ئەم دیمەنە دەبینن بەڕاستی زۆر دڵگران دەبن و بە بێ ئومێدی ئەو ماڵە جێ دەهێڵن و بەباوکی (ئەحمەد) دەڵێن باشتر وایە بۆماوەیەکی دیکە واز لەم خوازبێنییە بهێنێ بەڵکو خوا دەکات پاش ماوەیەکی دیکە ئەم کوڕە لە کەللەی شەیتان دێتە خوارەوە و هێور دەبێتەوە، بۆیە ماوەیەك ئەم دوو عاشقە بەمجۆرە دەمێننەوە و داواکە لەلایەن باوکی (ئەحمەد) سێ بارە دەکرێتەوە، بەڵام دیارە ئەو ماوەیەش هیچ لە ئەقڵییەتی ئەم کوڕە بێ ویژدانە ناگۆڕێت و هەروەکو جارانی پێشوو داواکاریەکە رەتدەکاتەوە، بێ ئومێدیەکی تەواو دەخاتە دڵی ئەم دوو عاشقە کە مردن بەلای (شلێر) زۆر باشتر دەبێت لە ژیانێکی کولەمەرگی کە هەر رۆژێکی مردنێکە دوور لە خۆشەویستییەکەی، بۆیە لە رۆژێکی ساردی زستاندا کەوا سەهۆڵ و بەفر چاویان بڕیبووە گڕی ئاگر، ئاگریش چاوەڕوانی جەستەیەکی جوان و ناسکی کچۆڵەیەکی بێتاوانی دەکرد، کە ببێتە خۆراکی، شلێر دەچێتە گەرماوەکەی خۆیان و بە دەبەیەك نەوت گڕ لە جەستەی خۆی بەردەدات و پاش چەند دەقیقەیەك ئاگرێکی بەهێز هەموو لەشی دادەگرێت و هەر ئەوکات ئەو خونچەگوڵە دەبێتە خۆراکی ئاگرو، گیانی پاکی لە پێناو عەشقێکی پاك وبێگەرد، دەکاتە قوربانی بێ ویژدانی براکەی و کۆتایی بە ژیانی دێت و ئەو بەڵێن و سۆزانەی کەوا بە عاشقەکەی دابووی لەگەڵ لاشە سووتاوەکەی دەیباتە ژێر گڵەوە.

ئایە دەبێت ژیانی (ئەحمەد) دوای مەرگی خۆشەویستەکەی بەردەوام بێت، یان ئەویش هەمان بڕیاری مەرگ بەسەرخۆیدا دەسەپێنێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ؟

ئەگەر دوو مرۆڤ عەشق و خۆشەویستییەکی پاك پێکەوەیان ببەستێتەوە مەحاڵە بەبێ یەکتری بژین، و پەیمان بەیەکتری بدەن ئەگەر بژین بۆ یەکتریبین و ئەگەرنا هەردووکیان بۆ گڵ بن.

ئەوەبوو دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك لەخۆسووتانی (شلێر) رۆژلەدوای رۆژ باری تەندروستی و دەروونی (ئەحمەد) بەرەو خراپی دەچوو، رۆژێك بێ ئاگا لەماڵەوە دەچێتە دەرێ بۆ سەرگۆڕی خۆشەویستەکەی و دوای گریانێکی بەکوڵ ئینجا بۆ وەفای ئەم عەشقە و بەدیهێنانی پەیمانەکەی هەر لە گۆڕستانەکە بە پەتێك خۆی بەدارێك هەڵدەواسێ و دواجار ماڵئاوایی لەخۆشەویستەکەی دەکات و کۆتای بە ژیانی خۆی دێنێ و بێ ئومێد هەردووکیان سەریان نایەوە، ماڵئاواییان لە زوڵم و زۆرداری و خانەوادە و کۆمەڵگا کرد.

ئەو کەسەی کە رووداوەکەی بۆمان دەگێڕاوە زوو زوو سەری بادەدا و فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوە، دیارە ئەم رووداوە نەك تەنیا کاریگەری لەسەر دەروونی ئەو کردبوو، بەڵکو کاریگەری لەسەر دەروونی هەموو ئەو کەسانەش هەبوو کە دیمەنی عاشقێکیان بە هەڵواسراوی لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەی بینیبوو، عاشقان دەڵێن گرنگ نییە خەڵکی چیمان پێ دەڵێن، گرنگ ئەوەیە لە سێبەری یەکتری بژین و لەباوەشی یەکتر بمرین، لە خۆشی و ناخۆشی و گریان و پێکەنینی یەکتر هاوبەشبین، هەڵبەتە هەموومان دەزانین ئەو بڕیارەی کە (شلێر) لێی دەستپێشخەربوو، بڕیارێکی زۆر هەڵەبوو کە بەمجۆرە کۆتای بە ژیانی خۆی بهێنێ دەبوایە چاوەڕوانییەکەی (شلێر) زیاتری بخایاندبایە، چونکە کۆتایی هەر دەرگایەکی داخراو کراوەیە، لەوانەبوو بە ئاواتەکانی خۆی بگەیشتبایە و ژیانێکی بەختەوەری لە دوارۆژدا لەگەڵ خۆشەویستەکەی ببردباسەر، چونکە خودای گەورە لە هەموو کەسێك باڵادەسترە و پەتی زۆرداری کورتە، هەڵبەتە ئەگەر (شلێر) ئەم بڕیارەی نەدابایە و بەمجۆرە کۆتایی بە ژیانی خۆی نەهێنابا، ئەوا هەرگیز (ئەحمەد)یش بڕیاری مەرگی نەدەدا و ماڵئاوای لە عەشق و خانەوادە و کۆمەڵگا نەدەکرد.

**کە دایک و باوکی (ئەحمەد) دەگەڕێنە ماڵەوە و هەواڵەکەی پێڕادەگەیەنن، (ئەحمەد) لە خەمان یەکسەر لەهۆش خۆی دەچێ و دەگوێزرێتەوە نەخۆشخانە**

**شلێر پێویستی بە چاوەڕوانی و ئارامی زیاتر هەبوو، دەبووایە بزانێ هیچ دەرگایەکی داخراو نییە نەکرێتەوە و خودای پەروەردگاریش لە هەموومان باڵادەستترە، ئەحمەدیش لەبری دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ و لەبیرکردنی رابردوو بەداخەوە هەمان هەڵەی شلێری دووبارە کردەوە**



# ئەو ژنەی منداڵەکەی ئاڵوگۆڕ کرد

**هێشـــتا کەسانێك هەن جیاکاری دەکەن و بە واقیع و پاداشـــتی خودا رازی نین، هەندێ لەپیاوان بەوهۆیەوە ژنەکانیان تەڵاق دەدەن یان ژنی دووەم و سێیەم دێنن، لەم رووداوەدا لەوانەیە گەف و هەڕەشەکانی بێستوون وایان کردبێ (تارا)ی ژنی لەپشت رفاندنی ئەو منداڵەوە بێ.**

## ژنێکی بەدبەخت و مێردێکی کەللە رەق

ژن و مێردێـــك دوای ئەوەی پێنـــج منداڵی کچیان دەبێت، ژیانیان وەك دۆزەخی لێدێت، یان راســـتتر وایە بڵێین مێردەکە ژیـــان لەژنەکەی خۆی دەکاتـــە دۆزەخ، لەبەرئەوەی ئەو ژنە بەدبەختە پێنج منداڵی دەبێ هەمووشـــی کچ دەبێ و کابرای مێردیشـــی کـــوڕی دەوێ، ژنە بۆ جاری شەشـــەم سکی پڕ دەبێ و کابراش سوێندی بۆ دەخوات ئەگەر ئەو جارە ســـکەکەی کچ بێت بێ سێ و دوو تەڵاقی بدات.

ژنەکـــە کە نـــاوی (تارا)یـــە لەتەمەی ٢٤ ســـاڵیدایەو

مێردەکەشی کەناوی (بێستون)ە لەتەمەنی ٢٧ ساڵیدایە (بێستون) ئەگەرچی بەهۆی ئەوەی سالانێکی زۆر لەگەڵ باوکی خەریکی کاری بازرگانی دەبێ و تارادەیەکی باشیش دەوڵەمەند دەبێ، بۆیە کە تارا دەخوازێ ئەو خاوەن خانوویەکی گەورە و ئۆتۆمبیل و زۆر شتی خۆی بوو، ئینجا لەگەڵ ئەوەش کە دەرچووی پەیمانگاش بوو بەڵام بەبیرکردنەوە تارادەیەکی زۆر خێڵەکایانە بوو، بۆیە جارێ کە تازە بوو ژنی هێنابوو داوای منداڵی لە تارای ژنی کرد، کە دوو سێ منداڵی لەدوای یەك بوو هەمووشی هەر کچ بوو، تەواوێك شپرزەو تووڕەبوو باوکی هەمیشە سەرکۆنەی دەکرد کە بۆچی ژنێکی تر ناهێنی مادام ژنەکە تەنها کچی دەبێ، چی لە کچ بکات، خۆی کارخانەی کچی دانەناوە، بەهەر حاڵ هەرچەندە حەزی نەدەکرد ماڵ لەخۆی تێکبدات و دەستەبەرداری ژنەکەی بێت بەڵام کاریگەری باوکیشی لەسەری زۆر زاڵ بوو.

کارمەندێکی ئەو نەخۆشخانەیەی تارا منداڵی شەشەمی لێبوو، پەرستیارێکی کۆنەو لەو ماوەیە کە تەنها دوو رۆژێکی خایاند کە تارا لە قاوش ئەو نەخۆشخانەیەی کە ئەو پەرستیارە کاری تێدا دەکرد، جۆرێك لە ناسیاوێتی و لەیەك نزیکبوونەوە لەنێوانیان دروست دەبێت، ئەو جۆرە پەیوەندییە دۆستایەتییەکی چەند رۆژەی نێوانیان لێدەکەوێتەوەو بەوهۆیەوە تارا هەموو دەردە دڵی خۆی لای ئەو پەرستیارە هەڵدەرێژێ و چ کێشەیەکی هەیە لەگەڵ مێردەکەی باسی دەکات، ژنە پەرستیارەکە بەمشێوەیە کێشەکەی تارای بۆ باس کردین و گوتی: ئێستاش شێوەی دەموچاویم لەبەرچاوە، ژنێکی گەنج و تابڵێی جوان و نەشمیل بوو، دووچاوی سەوزی گەورەو برژانگ پڕو برۆ قەوس و گەورە و قژێکی زەردی مەیلەو گڵوازەی هەبوو ئەوەندە سپی بوو دەتگوت بەفرە.

هەموو ژنانی قاوشەکە نەخۆش و ساغایان، حەزیان دەکرد بەردەوام لەدیاریان بێت و سەیری بکەن، ژنە پێنج منداڵی ببوو، هەمووشی وەکو بووکە شووشە وابوون، چونکە وێنەی منداڵەکانی پێنیشاندام کە چ جوانییەکان هەبوو، مێردەکەی وەکو خۆی دەیگوت سەرەتا زۆری خۆشویستووە، تا هێناویەتی سەد کێشەی دورستکردووە، کە مارەی کردووە نەختەکەی ئەوەبووە کە خانووەکەی بەناو کردووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی بەردەوام کچی بووە و خەزووریشی داوای کوڕی کردووە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر کوڕەکەی خۆی واتە مێردی تارا داناوەو رەفتاری بە تەواوەتی گۆڕیوە، تارا سەبارەت بەکێشەی نێوان خۆی و مێردەکەی بۆی گێڕامەوە گوتی: پیاوەکەم پێش ئەوەی من بخوازێت وەکو پەروانە بەدوامدا دەسوڕایەوە ئامادەبوو هەموو شتێك بکات تەنها من رازی بم، کە خواستمی هیچی لە ٠خۆشەویستییەکەی کەم نەبۆوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کوڕی دەویست و منیش هەر کچم دەبوو، زۆرجار سەرکۆنەی دەکردم و دەیکردە مشتوڕ لەگەڵم ئاخر جار گوتی ئەگەر ئەو سکەت کچ بێ تەڵاقت دەدەم، یانیش نابێ منداڵەکە چاوی بە باوکی بکەوێتەوە، ئیتر ئەوەبوو ئەویش مێردەکەم سوێندی بۆ باوکی خوارد ئەگەر ئەو سکەم کچ بێت ئەوا تەڵاقم بدات، پێش ئەوەی سوێندەکەشی بخوات زۆرجار لەسەر ئەوشتە دەبووە شەڕو ناخۆشیمان و جاری وا هەبووە، چەندین رۆژ قسەی لەگەڵ نەدەکردم، باوکی کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر هەبوو، بۆیە کە سۆنەرم کرد پزیشکەکە گوتی: دیار نییە بەتەواوەتی، بەڵام پێدەچێت زیاتر کچ بێت، بۆیە منیش بڕیارم داوە ئەگەر کچ بێت هەر لێرە لەو نەخۆشخانەیە بەجێی بێڵم.

## رۆژی لەدایک بوونی منداڵەکە

پەرستیارەکە لەگێڕانەوەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: لەو دوو رۆژەی کە تارا لێرەبوو نەمێردی و نە کەسوکاری مێردی نەهاتنە لای، تاراش خوشکێك و دایکی دەهاتنە لای و پاشان کچێکی تریشیان هاتە لای و دەیگوت ئەو کچە مامەمە، کە وەختی منداڵبوونی هات، تۆزێك بەزەحمەت منداڵەکەی بوو، بەڵام لەبەدبەختی ئەو ژنە ئەویش کچ دەرچوو، بەڵام لەبەرئەوەی سیستەرەکە و پزیشکە سەرپەرشتیارەکەی لەلایەن خوشك و دایکیەوە تێگەیەندرابوون، کە مەسەلە چییەو پێیان گوترابوو ئەگەر کوڕ بێ بیکەنە هەڵلا، ئەگەر کچی بوو بەبێ دەنگی و بەکڕی بێ ئەوەی هیچ کەس بیزانێ قۆنداغی بکەن و تەواو، دیارە کە کچەکە بوو بەکڕی قۆنداغیان کرد و تەسلیمی دایکی کرا، تارا کە منداڵەکەی بوو کاتژمێر دوو و نیوی شەو بوو، پێش ئەوەی ئەو منداڵەکەی بێت ژنێکی گەنجی جوان کە بەڕاستی جوانییەکەی ئەویش بێ هاوتابوو، منداڵێکی خنجیلانەی کوڕی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ژنەکە بەخۆی باری تەندروستی خراپ بوو، منداڵەکەشی بەنەشتەرگەری بوو، هیچ ئاگای لەخۆی نەبوو، کە تاراش لە هۆڵی منداڵبوون هاتە دەرەوە دایك و خوشکەکەی لەلای بوون، ئێمە هەر هێندەمان زانی دوای دوو کاتژمێر ێ نەخۆشخانەیان بەجێهێشتووە و دەرچوونە، بۆچی وەها بەپەلە و دوای دووکاتژمێر بزر بوون، چ نهێنییەك لەمەدا بوو نەمزانی لە هەمان کاتدا، بەرە بەری بەیانی ژنە نەخۆشەکەی تەنیشتی بە ئاگاهاتەوە و لەپڕ زیڕەیەکی لێهەڵستاو گوتی: کوا منداڵەکەم ، کوا منداڵەکەم، دیار نەماوە ئەوانەی لە قاوشەکە بوون هەموویان لە خەو هەڵسان و گوتیان چی بووە چییە ئەوە؟ کە پرسیارمان کرد لە ژنە ئەو جا تێگەیشتین کە ژنە منداڵەکەی لێ ئاڵوگۆڕکراوەو هاواری دەکردو دەیناڵاندو جارجارەش لە هۆش خۆی دەچوو، ئێمەش پزیشکی پسپۆڕ و پزیشکی ئێشککگرمان بانگ کرد و ئاگاداری کارگێڕی ئێشککگرمان کرد، ئەوەی کە سەیربوو دەرچوونی تارا بوو جگە لەوە فایلەکەشی نەمابوو، هەروەها فایلی منداڵەکە کوڕی ژنەکەش نەمابوو، بەهەرحاڵ بۆمان دەرکەوت کە ئەو ژنە منداڵەکەی کوڕبووە و رفاندویانەو کچێکیان لەجێگەی ئەو بۆ بەجێهێشتووە، کێ ئەو کارەی کردووەو بۆ کردوویەتی؟ کەسمان نەماندەزانی ئەگەرچی گومانەکە بەزۆری لەسەر تارا و دایك و خوشکەکەی بوون، بەڵام ئەو گومانە تەنا بۆچوون بوو بەڵگەی ببنبڕمان لەدەست دانەبوو تا بەیەکلاییکەرەوە بیسەلمێنین کە ئەو بەم کارە هەڵساوە.

●●●
**چونکە ئەو کوڕی دەویست و منیش هەر کچم دەبوو، زۆرجار سەرکۆنەی دەکردم و دەیکردە مشتومڕ لەگەڵم، لەسکی شەشەمم گوتی: ئەگەر ئەو جارەش کچ بێ تەڵاقت دەدەم**
●●●

●●●
**کوڕو کچ هەردووکیان مرۆڤن و بوونەوەری خودان، بەڵام؟**
●●●



### لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# پێنج ساڵ بوو مردبوو.. نەشیزانیبوو!!

**دەڵێن هەندێ مرۆڤ تەماحێکی پیسی هەیە، ئەو چەشـــنە مرۆڤە هەر کە تەمـــاح گرتی، چاو لە زۆر شـــت دەپۆشـــێ و هەندێکجـــار لە هیچ شـــتێکیش ناگەڕێتەوە، وا ڕێکدەکەوێ نزیکترین کەســـی خۆی بمرێنێت، جـــا چ بۆ دەســـتگرتن بەســـەرماڵ و ســـەروەت بێ یانیش بەدەستهێنانی مـــاڵ و ســـەروەتی دیکـــە... هەرچۆنێ بێ ئـــەم ڕووداوەش کە لێرەدا دەیگێڕینەوە ڕووداوێکی ڕاســـتەقینە و حەقیقییە و یەکێـــک بووە لـــە نێو فایلەکانـــی دادگا، کە بەڕاستیش ڕادەی تەماحی هەندێك چەشنە مرۆڤمان پیشان دەدات کە ڕەفتاری سەیریان کردووە، کورتەی ڕووداوەکە ئەوەیە پیاوێك لە ناو گرانی و بێکاری ڕوو لە وڵاتی ئێران دەکات تا بتوانێ بەکارکردن لەوێ، خێـــزان و منداڵەکانـــی لێـــرە بژێنێـــت، کەچی کابـــرا لـــەولا خەریکی کارکردنـــە ژنەکەشـــی دوای چەند ســـاڵێك لە کوردستان دەیمرێنێت، کە دەگەڕێتەوە ساڵێك ئینجا دەزانێ خۆی مردووە.**

ئا: پارێزەر
هیمداد محەمەد سابیر

**کۆچکردن و ئاوارەبوون لە پێناو بەخێوکردنی خێزانەکەی**

ساڵانێك بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە میللەتی ئێمە بەدەست نەبوونی و گرانی و بێکارییەوە دەیناڵاند، زۆر کەس بۆ کارکردن ڕووی لە ئێران و تورکیا دەکرد و لەوێ قورسترین کار و کاسبیان دەکرد هەر بۆ ئەوەی لوقمە نانێکی بەســـەربەرزی دەرخواردی مـــاڵ و منداڵەکانیان بـــدەن و نەبوونی ناچاری هەندێـــك شـــتیان نەکات.(عەدنان)یش بەدەردی ئەو خەڵکـــە کە زانی لێرە کاروکاســـبییەك نەماوە بیکات، بە خێزانەکەی خۆی کە ناوی (گوڵاڵە)بوو، گوت:(دەزانی وەزع بەمشـــێوەیە هەڵناســـوورێ، چ ئیشێك نییە خۆی پێ خەریـــك بکەم، ئەوە چەند دەبێ کە خەریکی گەڕانم بەدوای کارێك کەچی هیچم بەدەســـت ناکەوێ، کرێی خانووش لەولاوە بووەستێ، دەمێکە بیرم لەوە کردۆتـــەوە بڕۆمە ئێران لەوێ کارێك بکەم و بەهۆیەوە بتوانم بەخێوتان بکەم و کرێی خانووەکەش بدەم...)

ژنەکەشـــی زۆری پێخۆش بوو، گوتی: ئەرێ وەڵڵا زۆر باشـــە، بەڵکو بتوانین خۆمان کۆبکەینەوە و تۆزێك بێینەوە ســـەرخۆ، منداڵەکانم(کەســـێ بوون) تەواو شـــپرزە و ڕەنگ زەرد و لەڕولاواز بووینە، بڕۆ بەڵکو دەرگایەکی خێرمان بۆ دەکرێتەوە و ئێمەش لەناو ئەو برسێتییە دەربازمان دەبێت..).

(عەدنان) دوای ســـێ چوار ڕۆژ خۆی گەیاندە ئێران و بەهۆی برادەر و ناســـیاوییەوە لەخانوویەکی بچکۆلە کە لەگەڵ سێ چوار برادەر پێکەوەیان گرت، خۆی بینییەوە، لەوێ برادەرەکانی کاری ســـێوڕنینیان بۆ دۆزییەوە، کابرا ملی لە سێوڕنین ناو و دەستی بە ئیشکردن کرد،(عەدنان) کە گەیشتە ئێران لە هەڕەتی (٣٠)ســـاڵی تەمەنیدا بوو، کابرایەکی تێکسمڕاوی دەست وبازوو ئەســـتوور بوو، لەش ســـووکی چالاك و ئیشکەربوو، ئەو سیفەتانەی لە ئیشـــکردندا زۆری هاوکاری کرد کابرای خاوەن ئیش(ئەربابەکە) زۆری بـــەدڵ بوو، جارجارە بڕە پارەیەکی زێتری دەدایە و هێندەی دیکە هانی دەدا و گوڕوتینی پێدەدا، نزیکەی مانگێکی ڕەبەق بەو پەڕی جۆش و خرۆشەوە ئیشی دەکرد، لەو ماوەیەدا چی کۆکردبۆوە و بەدەستی هێنابوو، بڕێکی زۆر کەمی لێ دەرچێ، هەمووی بە برادەرێکی نزیکی خۆی بۆ ماڵەوە ناردەوە، برادەرەکانـــی ئامۆژگاریان کرد کە ئەوەی بۆخۆی گێڕاویتەوە زۆر کەمە و هەق نییە وا خۆی بێ بەش و فەرامۆش بکات، خۆشـــی بای هێندە هەقی هەیە تۆزێك ببوژێتەوە و پۆشـــتە ببێتەوە، بەڵام( عەدنان) گوێی پێنەدان و گوتی ئەوان موحتاجترن.

ئەمجـــارە نزیکـــەی حەوت هەشـــت مانگێك کە ئیشـــی دەکرد نیوەی دەســـتمایەکەی بۆ ژن و منداڵەکانی دەنـــاردەوە و نیوەکەی تری دەگێڕایەوە لای خۆی بۆ ئەوەی تەنیا بای خەرجی و کرێی خانوویان بۆ بنێرێتەوە و لە خەیاڵی خۆیدا ئەوەی کە دەیگێڕایەوە، چاوەڕێی دەکرد تا زۆر بێ و پارەی خانوویەکـــی لێ دەربچێ و ئینجا بۆ ژنەکـــەی بنێرێتەوە، بەهەرحاڵ دوای سێ چوار ساڵ بڕە پارەیەکی باشی بە کارکردن کۆکردەوە و ئەوجارە هەمووی بەیەکجاری بۆ ناردنەوە و هەواڵیشـــی بۆ ناردبوون ژنەکەی خانوویەکی پێ بکڕێ، لەولاشەوە ژنە بە تێروتەسەلی وەکو شا دەژیا، کابرای مێردی ئەوەندەی بۆ دەناردنەوە کە بەتێری بژین... پێنج ســـاڵ بەســـەر مانەوەی(عەدنان) لە ئێراندا ڕەتبووبوو، ڕۆژێك بەهۆی ناســـیاوێکییەوە هەواڵی ئەوەی بۆ نێردرا کە گەوایە ژنەکەی تەڵاقی داوە و(عەدنان)لەو قسەیە سەری سوڕما، باشە بووە ژن مێردی خۆی تەڵاق بدات!! ئەوە یەکەمجارە شتی وا ببیستێ، غەم دایگـــرت و نەیدەزانی باوەڕ بەو هەواڵە بکات یان نەء، هەواڵی بۆ ژنەکەی نارد، ژنەش دیســـان هەمان قســـەی بۆ ناردبۆوە و پێشی گوتبوو ئیدی چ هەواڵانم بۆ نەنێرێ وا من مێردیشم کردۆتەوە و بەینی من و ئەو یەکجارەکی کۆتایی پێهاتووە، کابرا ما دانیشێ فرمێسکان بڕژێنێ.... برادەرەکانی دڵیان دەدایـــەوە و بڕێك هێز و تینیـــان دەدایە، بەڵام ئەو وەها نەڕووخابوو جارێکی تر قیت بێتەوە، هاتە ســـەر ئەو بڕوایەی کە ئیتر هەر بەیەکجاری لەوێ لە غەریبایەتی بمێنێتەوە و نەچێتەوە، بە برادەرەکانی گوت: تازە بچمەوە کوێ،



خانمی ژنم تەڵاقیشی دام و مێردیشی کردەوە و جارێ من وا هەر لێرەشم و دەستم بەهیچ ناگات، ناوەڵڵا هەر نەچمەوە بە یەکجاری باشترە.

**دوای چوار ساڵی تر گەڕایەوە**

(عەدنان) پێشتر پارەی ئیشکردنی بۆ ماڵ و منداڵی دەناردەوە، لە خۆی دەپرسی ئێستا بۆ کێی بنێرێتەوە، بۆیە ئیتر لەمەودوا بۆ خۆی و لای خۆی گلی دەدایەوە و ناوە ناوەش یارمەتییەکی ماڵی باوکی دەدا، هەرچەندە ئەوان پێویستیان پێی نەبوو، (عەدنان) چوار ساڵی تر بە غەریبی و بێکەسی لە ئاوارەییدا ژیا و خەریکی کاروکاسبی بوو، ئاخیرییەکەی چیتر بەرگەی ئاوارەیی نەگرت و بڕیاریدا بگەڕێتەوە، هاتەوە و چۆوە ماڵی باوکی، لەو ماوەیە زۆری هەوڵیدا ژنەکەی ببینێتەوە، کەچی ژنە خۆی بەدەستەوە نەدەدا، دوای ساڵێك لە هاتنەوەی باوکی(عەدنان)کۆچی دوایی دەکات باوکی (عەدنان) لەبەر ئەوەی هەندێك موڵك و ماڵی دەبێ، دایکی پێی دەڵێ کوڕم دەبڕۆ وەفاتنامەکەی بۆ دەربێنە لەگەڵ دابەشنامەی شەرعی(قسام شرعي). (عەدنان) خەریکی دەرهێنانی ئەو دوو بەڵگەنامەیە دەبێ، یەکەمجار وەفاتنامەکە دەردێنێ کە دەگاتە دەرهێنانی دابەشنامەی شەرعی تووشی حەپەسان دەبێ.

**دوای پێنج ساڵان بە مراندنی ئینجا بۆی ئاشکرا دەبێ**

بەرپرسی کاروباری کارگێڕی و دابەشنامەی شەرعی لەدەنگە دەنگی بەدەنگێکی نێوان فەرمانبەرەکەی و هاووڵاتییەك سەری سووڕدەمێنێ و ژوورەکەی خۆی بەجێدێڵێ و دێتە ئەو ژوورەی کە فەرمانبەرەکەی لێیە کە لە تەنیشت ژووری خۆی بوو، کە چووە ژوورەوە دەبینێ کابرا دەڵێ: کاکە ئەتۆ وا نامبینی زیندووم، خۆ شێت نەبوویمە فەرموو ئەوەش ناسنامە و رەگەزنامەم، ئەوا هەناسەش دەدەم و لە پێشت قسە دەکەم و وەڵامی پرسیارەکانیشت دەدەمەوە، ئیتر مردنی چی... بەرپرسەکەش دێتە پێشەوە و لە فەرمانبەرەکە دەپرسێ کێشەی ئەو برایە چییە؟ ئەویش دەڵێ: ئەو کابرایە هاتووە دابەشنامەی شەرعی دەربێنێ و دەڵێم ناوی کوڕەکانی باوکت بڵێ، ناوی یەکێکیانی گوتووە کە (عەدنان)ە و مردووە، کەچی دەڵێ من (عەدنان)م و نەمردووم، ئێوە بۆچی منتان مراندووە، بەرپرسەکەش بە (عەدنان)ی گوت: کاکە وەرە دانیشە و تۆزێك هێمن بەرەوە، ئێستا نووسراوێکت بۆ دەکەین بۆ فەرمانگەی باری شارستانی و بڕۆ لەوێ وێنەی تۆماری خێزانی خۆتمان بۆ بێنە، بۆ ئەوەی بزانین بەڕاستی مردوویی یان لێرە سەهومان کردیە.. نووسراوی بۆ دەکەن و ئەویش دەیباتە شوێنی مەبەست و هەر هەمان رۆژ بۆیان دەگەڕێنێتەوە و دەیداتە دەست فەرمانبەرەکە، ئەویش کە تەماشای دەکات پێی دەڵێ: کاکە وەڵڵا ئەتو مردووی، ئەوەش رێکەوت و مێژووی مردنتە.

ئەوەی کە تۆشی مراندووە خێزانەکەت بووە و وێنەی ئەو وەفاتنامەشی لێ داوا کردوویەن و ئێمەش پێمان داوە و وێنەکانی لێ بردۆتە یەك دوو فەرمانگە، مووچەشی پێ وەردەگرێ و نازانم چیتریشی پێ وەرگرتووە، وا باشترە بەخۆت بەدوایدا بچی و بزانی بۆچی بووە و چی کردووە.

**لەبەردەم دادگادا**

دوای هەفتەیەکە دوان،( عەدنان) نووسراوێکی بە عەرزوحاڵنووسێك نووسی و بردیە لای دادوەر و دادوەریش کە خوێندیەوە سەری هەڵبڕی و تۆزێك لە نووسراوەکە و کابرا راما: شتێکی سەیر و غەریبە، پێنج ساڵە مردوویی و نەشتزانیوە، بۆچی خۆت باسەکەی خۆتم بە زارەکی پێنالێی پێش ئەوەی ئیمزا لەسەر نووسراوەکەت بکەم، (عەدنان)یش گوتی: باشە جەنابی حاکم با بە کورتی چیرۆکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە کە پێش ئەوەی جەنابت سەیرت پێ بێ، خۆم سەیرم پێهاتووە، من جارێ کە ئەو نووسراوەم داوە بە بەڕێزیان پێش هەموو شتێ دەمەوێ بە فەرمی و لەڕێی دادگاوە زیندوو بکرێمەوە، چونکە من وا ساڵێك دەبێ کە گەڕاومەتەوە کەچی هەمووی (١٠)رۆژێکە زانیومە پێنج ساڵ دەبێ مردوومە و نەشمزانییە، نزیکەی (٨)ساڵێك دەبێ بۆ کارکردن و بەخێوکردنی ماڵ و منداڵم ئاوارەبووم، پێنج ساڵ بەسەر مانەوەم لە ئاوارەیدا رەتبوو، ژنەکەم هەواڵی بۆ ناردم کە تەڵاقی داوم، یان با بڵێین تەڵاقی خۆی وەرگرتووە و وازی لێهێناوم، منیش چوارساڵی تر مامەوە و ئاخیرییەکەی بڕیارمدا بگەڕێمەوە، نزیکەی ساڵێك دەبێ وا گەڕاومەتەوە کەچی ئەوە چەند رۆژێکە زانیومە کە من پێنج ساڵە مراندراوم، دوای ئەوەی لە مەسەلەکەم کۆڵیەوە بۆم دەرکەوتووە ژنەکەم تەڵاقی وەرنەگرتووە لەدادگا و، ئێستاش هەر ژنی منە و و مێردیشی کردۆتەوە، ئەوەندە پارەیەش کە کۆم کردبۆوە و گوتبووم خانووی پێبکڕە هەمووی خواردووە لەگەڵ کاکی مێردی، واتە من جگە لە خۆی مێردیشم بەخێوکردووە و بەخۆشم نەزانیوە، منداڵەکانیشی لایە و ئێستا هەر ناشمناسنەوە کابرای مێردی خۆی کردۆتە باوکیان و ئەوانیش کە بەجێمهێشتن زۆر بچووك بوون فامیان نەدەکرد هەر ئەو بە باوکی خۆیان دەزانن، خانم کردوومیەتە نازانم چی و مووچەشم پێ وەردەگرێ و ئەوە چەندین ساڵە مووچەکە وەردەگرێ، هەر بەو جۆرەش زەوی وەرگرتووە و ئەوانەشی بەناوی خۆی کردووە، ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە ئەو ژنە چ فێڵێکی لێکردووم و چۆن لە خشتەی بردووم و بەخۆشم نەزانیوە، بۆیە وا هاتووم دەیسەلمێنم کە زیندووم و نەمردووم، هەمیش هەقی خۆم لەو ژنە دەکەمەوە و هەرچیم هەبووە هەمووی لێدەستێنمەوە و دەشمەوێ بزانم کابرای مێردی چۆن خواستوویەتی کە جارێ هێشتا هەر لە ژێر نیکاحی من دایە...

قسەکانی تەواوکرد، دادوەرەکە ئیمزایەکی بۆ لەسەر نووسراوەکەی کردو و پێی گوت کە دەبێ بەڵگە بۆ قسەکانی بێنێتەوە، ئەگینا هەر وەك قسەی ئاسایی لێی وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر سەلماندی دیارە یاسا هەقەکانی بۆ وەردەگرێتەوە و فێڵبازیش سزای خۆی وەردەگرێ.

●●●
**عەدنان لە ساڵانی نەبوونی و گرانیدا باروگوزەرانێکی خراپی هەبوو بۆیە رووی لە ئێران کرد و ماوەی پێنج ساڵان لەوێ بەکاروکاسبییەوە خەریک بوو**
●●●

●●●
**کە باوکی دەمرێ خەریکی دەرهێنانی وەفاتنامەکەی دەبێ، بەڵام کە دەگاتە دەرهێنانی دابەشنامەی شەرعی تووشی حەپەسان دەبێ!!**
●●●

●●●
**هەندێک مرۆڤ تەماحی خراپی هەیە، ئەو جۆرە مرۆڤانە کە تەماح گرتنی چاو لە زۆر شت دەپۆشن و لە هیچ شتێکیش ناگەڕێنەوە، وا رێکدەکەوێ نزیکترین کەسی خۆیان دەمرێنن، وەک لەو بەسەرهاتە حەقیقیە دەیبینین!**
●●●



لەنێو فایلـ

# گوناهی لەنجە

ئا: باوکی میدیا

## دۆزینەوەی تەرمێک

نیوەڕۆیەکی ساردوباراناوی بوو کابرایەکی (٤٥)ساڵی کە بەڕێکەوت ڕێی بەو کۆڵانەدا کەوتبوو، لەگەڵ پێچ کردنەوەی، ڕەنگی سووری گۆماوە بچووکەکەی بەردەمی سەرنجی ڕاکێشا و ساتێك وەستا و وردتر دیقەتیدا، ئەمجا لەسەرەخۆ و هیواشتر بەرەو گۆماوەکە چوو، سەری نەویتر کردەوە و بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشت کە خوێناوەکە ڕەنگە سوورەکەی تۆختر دەبوو، لەپڕ وەستا، بینی لە سووچی دیوارێکدا کچێکی (٢٠)ساڵەیی هەتا بڵێی جوان و شۆخ پشتی بە دیوارەکە داوە و ملیشی لار بۆتەوە، ڕێك وەك ئەوەی حەزی کردبێ لەبن ئەو دیوارە لە ژێر دڵۆپەی بارانی ئەو کاتە سەرخەوێك بشکێنێ، وەها کەوتبوو دەتگوت تازە خەوی لێکەوتووە.

کابرا تۆزێك لە کچە ڕاما و ویستی بڵێ کچم ئەوە بۆ لێرە لەبەر ئەو بارانە خەوتووی هەموو لەشت تەڕ بووە، کەچی لەپڕ وەك بروسکە ژانێك بەنێو دڵی داهات و چاوی کردەوە یا ڕاستترە بڵێین بەخۆداهاتەوە و چاوەکانی ئەبڵەق و زەق بوون، سەرنجی لە جل وشانیدا، دەستێکی درێژکرد و ویستی بزانێ خوێنەکە لە کوێی دێت، هەر زوو دەستی گەڕاندە دواوە و هەستی بە ترسێکی کوشتندە و یەکجار ڕەشبین کرد. تازە هاتبۆوە سەرهۆشی خۆی، ئەوجا زانی ئەو کچە مرۆڤێکە و کوژراوە و لێرە فڕێدراوە.

کچە هێشتا خوێنەکەی گەرمبوو، ئەوەندە خوێنەی لەلەشی مابوو، زۆر لەسەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕاو دەهاتە دەرەوە، کابرا بەڕاستی ترسی گەیشتێ خودایە چی بکەم، ئاخر ئەو کچە جوانەیان بۆ کوشتووە، کەسێك ئەوەندە مرۆڤ کوژ و بێویژدان و دڵڕەق بێت، کچە جوان و جاحێڵێکی وەها بکوژێ، حەتمەن ئێستا لە شوێنێك خۆی مات داوە و منیش دەبینێ، ئەوسا ئەگەر عەقڵی گرتی لەوانەیە گوللەیەك بنێ بەمنیشەوە هەتا زووە بابڕۆم... کابرا ئەو قسانەی لەدڵی خۆی کرد و چەند هەنگاوێك ڕۆیشت تۆزێك ڕاوەستا، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو مووەکانی لەشی ڕەپ بوون، دەمووچاوی گرژبوو هەناسەی توندتربوون و دڵی زیاتر لێیدەدا، گەڕایەوە دواوە و بە ڕقێکی زۆرەوە سەیری گۆماوە خوێنەکەی کردوو بڕیاری خۆیدا.

## ئاگادارکردنەوەی پۆلیس

کابرا مۆبایلەکەی گیرفانی دەرهێنا و زەنگی لێدا، دوای نزیکەی چارەگە سعاتێك دووسێ ئۆتۆمبیلی پۆلیس بە چەند پۆلیس و ڕێپیدراو و ئەفسەرێکەوە گەیشتنە شوێنەکە و کابرا چووە پێشەوە و خۆی پێناساندن و گوتی: ناوم خۆشەوییە، ئەم نیوەڕۆیە، کە هەمووی ٢٠خولەکێك دەبێ بێرەدا ڕەتبووم و بەرێکەوت ئەم تەرمەم لێرە بینی و زەنگم بۆ ئێوە لێدا.. قسەکانی خۆشەوی تۆمارکرا و دەستکرا بە پشکنینی شوێنی ڕووداوەکە و هەرچی لەوێ هەبوو هەمووی تۆمارکرا و پاشان تەرمەکە بردرایە پزیشکی دادی و لەوێ پشکێنرا، لە پشکنین دەرکەوت نزیکەی دوو کاتژمێرێك دەبێ کوژراوە گوللەیەك لەملی دراوە، بۆڕی خوێن و ماسولکەکانی ملی هەڵزڕاندووە و دوو بڕبڕەی ملیشی شکاندووە، دەورووبەری کونی گوللەکە شوێنی باڕووت و سووتان هەیە ئەمەش نیشانیدەدات کە زۆر لە نزیکەوە گوللەکەی لێدراوە، دوای تەواببوونی پشکنینی پزیشکی ڕاپۆرتەکە بە پەراوەکەی کە بۆی کرابۆوە بەسترا، لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژیش لەگەڵ (خۆشەوی) کرا، دەرەنجامی لێکۆڵینەوە دەریخست کە(خۆشەوی) تەنیا هەواڵدەری ڕووداوەکە بووە و بەس، هیچ پەیوەندییەکی بە تاوانەکەوە نییە دوای چەند ڕۆژێك لە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەرکەوت کە ئەو کچە پێشتر بە دوو ڕۆژ لە بنکەی چاکسازی نێوجەوانان بووە، هەر کە هاتۆتە دەرەوە ڕۆژی دوایی کوژراوە.

## ئەو کچە کوژراوە کێ بوو؟

کە پۆلیس بە ناوی بنکەکەدا ڕۆیشتەوە، دەرکەوت ناوی (لەنجە)یە و وێنەکەشی لە لیستەکە درابوو، هۆی مانەوەشی لەو بنکەیە تەنیا بۆ پارێزگاری لێکردنی بووە و هیچی تر، بەڵام چۆن هاتۆتە ئەو شوێنە؟ توێژەری کۆمەڵایەتی بنکەکە ئەم شێوەیە گێڕایەوە و گوتی: ڕاستییەکەی برادەرانی پۆلیس لەسەر بڕیاری دادوەری تایبەتمەند (لەنجە)یان هێنایە ئێرە،



ـەکانی دادگاوه

# چی بوو کوژرا؟

(لەنجە) لەماڵی براکەی دەژیا، ماوەیەك بوو گومانی لەبراژنەکەی خۆی هەبوو کە دەســتی لەگەڵ کوڕێك هەبوو، کاتێك(لەنجە) دەچووە پەیمانگا (چونکە قوتابی پەیمانگا)بوو، براژنەکەی ژوانی لەگەڵ کوڕەکە دادەنا، یەك دووجارێك (لەنجە) خۆی لە بۆســەدابوو بۆی، ڕۆژێك بە براژنەکەی گوت: ئەمڕۆ زوو دەچمە پەیمانــگا چونکە تاقیکردنەوەمان هەیە دەچم لەوێ دەخوێنم تا کاتی تاقیکردنەوەم دێت، براژنەکەشی گووتی: باشە بڕۆ کە ڕۆیشت، لە سووچێکی کۆڵانەکەیان خۆی مەڵاس دەدا، دوای کەمێك کوڕێك بەدیار دەکەوێ کە پێنج شەشساڵێك لە براژنەکەی بچووکتر دەبێت، یەکسەر خۆی بە ژووردا دەکات و براژنەکەشی دەرگای حەوشەکە دادەخات (لەنجە)ش بەخێرایــی دەڕوا و بەتووندی لــەدەرگا دەدات، پاش تۆزێك برژانەکــەی دەرگاکە دەکاتەوە،(لەنجــە) بەپرتاو خۆی بەژوور دادەکات و یەکەبەیەکەی ژوورەکان دەگەڕێ دەبینێ کەســی لێنییە، بەهاواروقیژەوە بــە براژنەکەی دەڵێ کوا ئەو کوڕەی هاتە ژوورەوە لەکوێت شــاردۆتەوە، براژنەکەشی خۆی لێ نەزان نەبان دەکات و بەتوڕەییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: کچێ جارێکی تر قسەی وا نەکەی، ئەوە ماڵەکە لە پێشتە بگەڕێ تا دەیدۆزییــەوە، ئەگەر دۆزیتەوە حەیام ببە، ئەگەر نەتدۆزییەوە هەرچی خراپ بێت پێتی دەکەم، ئەم مشــتومڕە ماوەیەك دەکێشــێ و(لەنجە) لە دۆزینەوەی کوڕەکە بێئومێد دەبێت و پێی دەڵێ: دەزانم بەســەربان بەڕێت کرد، بەس وەرە پێم بڵێ بۆ وادەکەی براکەم چ خراپییەکی بۆ تۆ هەیە..؟ ئەگەر پێی ناڕازی خۆ جارێ منداڵتان نەبووە، ئاســاییە داوای تەڵاقی لێبکە و جیابەوە لێ بۆ خیانەتی لێدەکەی...(لەنجە) بەنیازبوو بە قســەی خــۆش دانپیانانی لێوەربگرێت، هەر وەك خۆی بۆ ئێمەی باســی کردووە قسەکانیشی لای ئێمە بەشێوەیەکی یاساییانە تۆمارکراوە، بەهەرحاڵ وەك خۆی پێی گوتین: مەبەستم ئەوەبوو دان بە هەڵەکەی خۆی بنێ و ئینجا وای لێبکەم واز لەوکارە هەڵەیەی بێنێ چونکە لەوانەیە ســەری تیابچێ و ئابووری ئێمەش بچێت، بەڵام قســەکردن لەگەڵی بێسوود بوو، ئەو هەر ســوور بوو لەســەر نکوڵی کردن لێی، ئەوەبوو منیش بڕیارمدا و گوتم: ســوێندبێت، کە من بە چاوی خۆم ئەو کوڕەم بینی، هەر دەبێ بەســەر تاوانەوە بتگرم و لەدەمی خۆت دانپیانان ببیستم.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە لەســەر قسەکانی دەڕوا و دەڵێ: بەڕاستی (لەنجە) کچێکی تا بڵێی بەحەیا و بەئەدەب بوو، هەڵەی باوك و براکانی گەیاندییە ئێرە، ئەگەر کەللەڕەقی و بێ عەقڵی و نەزانی باوك و براکانی نەبووایە، پۆلیس ناچار نەدەبوو ئەو کچە لێرە دابنێ بۆ پاراســتنی، ئەوە تەنیــا هەفتەیەك لێرە مایەوە، بەڵام شــەو وڕۆژ دەگریــا و دەیناڵاند و دەیگــوت: توخوا من شــوێنم ئێرەیە، براژنەکــەم تاوانی کردووە من چی بکەم... بەهەرحاڵ (لەنجە) دیابوو سووربوو کە کارە هەڵەکەی براژنەکەی بە بەڵگەوە ببینێ، ئیتر چەند جارێکی تر خۆی لێ مەڵاس داوە، ڕۆژێك دەڵــێ دەچمە پەیمانگا و بە براژنەکەی دەڵێ دەرگاکە لەدوای من داخە، بەڵام کە دەڕوا کلیلی حەوشــەکە لەگەڵ خۆی دەبات، لە شوێنێك خۆی مەڵاس دەدات و دەبینێ هەمان شــتی جارانــە، ئەمجارە دەچێتە ماڵی دراوســێیەکەیان و دەڵێ کەســمان لەماڵ نییە و کلیلیشم لە ماڵەوە لەبیر کردووە بەسەربانی ماڵی ئێوە دەچمە سەربانی خۆمان و دەرگای ماڵەوەمان دەکەمــەوە، ئەوانیش دەڵێن بڕۆ، لەســەربان بەرمیلێك دێنێ و بەســەری دەکەوێ تا بتوانێ بەسەر دیوارەکەوە بکەوێ، بەهەرحاڵ بەهەر زەحمەتێك بێت بەســەردیوارەکە دەکەوێ و خۆی بۆ سەربانی خۆیان تێهەڵدەدا لەوێ بەهێواشی و بەپارێز دێتە خوارەوە و گوێی لەدەنگە دەنگێکی نزم دەبێت کە هــی هەردووکیان دەبێ، وردە وردە و بە نەرمی دێتە خوارەوە و لەدەنگەکە نزیك دەبێتەوە تا دەزانێ لەکام ژوورە، ژوورەکە نیوەی دەرگاکەی کرابۆوە، لەسەرەخۆ ســەری دەباتە پێشەوە و دەرگاکە بە ئاستەم لەسەرخۆ دەکاتەوە و لە ســوچێکی کەمی دەرگاکە بەشــێکی لەشــی هەردووکیان دەبینێ کە ڕووتــن، ئیتر دەزانێ کە ئەوان وا تێکئــاڵاون و ئاگایان لەکەس نییە و پێکــەوەن، ئەویــش بڕیاری خۆی دەدا و لەپڕ وەکو بروســکە دەرگاکە دەکاتەوەوە و ڕووبەڕووی هەردووکیان ڕەق ڕادەوستێ، سەیرێکی براژنەکەی دەکات و تفێکی ڕووبەڕووی لێدەکات و بەکوڕەکەش دەڵێ هەســتە کوڕی ناپیاو هەتا بەکوشــتنم نەداوی لەو ماڵە بڕۆ دەرەوە و ون بە، کوڕە بەپەلە پــەل جلوبەرگەکانی کۆ دەکاتەوە و لە دەرەوەی ژوورەکە لەبەری دەکات و بە براژنەکەشــی دەڵێ: ها ڕەنگ زەرد و پەرێشان و بێ دەم و زار ماوی، بۆ قسەناکەی، بۆ نکوڵی ناکەی؟

پاشــان (لەنجە) بڕیار دەدات بە براکەی بڵێ بەڵام نایڵێ، هەر چۆنێك بێت چەند ڕۆژێك ئەو مەسەلەیە لەمێشکی دەخولێتەوە، ئینجا بڕیار دەدات بە براکەی بڵێ، بەڵام تا ئەو بە براکەی دەڵێ، براکەی بەخۆی گومانی لێدەکات و دواتر بەڵگە لەسەر ژنەکەی خۆی بەدەست دەکەوێ، براکەی و براکانی تری و باوکیشــی دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە (لەنجە)ش لەگەڵ براژنەکەی دەســتی تێکەڵە و ئەوکارانە دەکــەن، هەر چەند هاوار دەکا و دەقیژێنێ کە ئەو چاکە و تەنیا ژنەکەی ناپاکی لێکردووە و مەسەلەکەی زۆر گەورە بووە لەلای بۆیە نەیتوانیوە دەمودەست بڕیار بدات کاروکردەوەی براژنەکەی ئاشــکرا بکات، هەموو ئەو قســانە بێســوود دەبێ و بڕوای پێناکــەن، ئیتر کە کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن هەردووکیان بکوژن، دایکی بە مەســەلەکە دەزانێ و دراوسێیەکیان هەواڵ بۆ (لەنجە) دەنێرێ کە بڕواتە بنکەی پۆلیس و خۆی دەرباز بکات و شکایەت لە براکانی بکات کە بەبێ گوناه و تاوان دەیانەوێ بیکوژن، کە(لەنجە) هەواڵەکەی پێدەگات دەچێتە بنکەی پۆلیس، پۆلیسیش لەســەر بڕیاری دادوەر لە بنکەی چاکسازی دادەنێت بۆ پاراســتنی، پاش ئەوەی هەفتەیەك دەمێنێتەوە کە دێتە دەرەوە بەو شێوەیە دەیکوژن کە زانرا، دیارە براژنەکەشیان کوشتووە، بکوژیش برای (لەنجە)یە و هەڵاتووە، ماڵی باوکیشی هەموویان ماڵیان بارکردووە و کەس نازانێ بۆ کوێ چووینە.

●●●
**کچە هێشتا خوێنەکەی گەرم بوو، ئەوەندە خوێنەی لە لەشی مابوو زۆر لە سەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕا و دەهاتە دەرەوە**
●●●

●●●
**دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە (لەنجە) لە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان بوو، هەر کە هاتبووە دەرەوە ڕۆژی دواتر کوژرابوو**
●●●

●●●
**عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێ لە پیاوانی کۆمەڵی ئێمە هێندە نامەنتیق و ژەنگنە بۆی ناکرێ ڕەش و سپی لێک جیابکاتەوە، زۆرجار تاوانبار و بێ تاوان، گوناهبار و مرۆڤی خاوێن وەک یەک تەماشا دەکات، (لەنجە) لەبری ئەوەی وەک کچێک هەوڵی ئاشکراکردنی گوناهێکی داوە ڕێزی لێبگیرێ کەچی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ئەویش وەک تاوانبار سزا دەدرێ**
●●●



# ئازارەكانی ژنێک بەدەست پیاوێکی هەوەسبازەوە

**شاهۆ زۆر ڕێگری بۆ دروست کردم تا وەک مامۆستا دانەمەزرێم دەیگووت مانگانە چەندت دەست دەكەوێ من پێتدەدەم تەنها لەماڵەوە دانیشە**

ئێمە لەخێزانی خۆماندا(٤)چوار خوشكین و برامان نیە، هەمیشە دایە گەورەم واتە دایكی باوكم بە دایكمی دەگووت دەبێت زۆر ئاگاداری كچەكانت بیت چونكە برایەكیان نیە ئاگای لێیان بێت بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبن، هەر ئەم قسانە وای لەدایك و باوكم كرد زوو بیر لەوە بكەنەوە ئێمە بچینە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە و ماڵ و حاڵێكی باشمان بۆ بدۆزنەوە، تا لەدوارۆژدا گرفتێك بۆ ئەوانیش نەیەتە پێش.

بەداخەوە هەرزوو باوكم بەهۆی نەخۆشیەوە كۆچی دوایی كرد، سەرجەم ئەرك و خەمەكانی خێزانەكەمان بۆ دایكم بەجێما، دایكیشم فەرمانبەربوو بنكەیەكی تەندروستی، بەهەزار فەقیری و داماوی ئێمەی پێگەیاند و خوێندنی پێ تەواو كردین، هەریەكەمان لەكۆلێژ و پەیمانگایەك وەرگیراین. من لە پەیمانگای مامۆستایان وەرگیرام، رۆژێك (شەهلا)ی هاورێم پێی گووتم (فریشتە) من و تۆ دوو ساڵە هاورێی یەكترین و لەنزیكەوە هەردوولامان بە خێزانی یەكتر ئاشناییین، من پێشنیارێك بۆ تۆ دەكەم، ئیتر نازانم وەڵامەكەی چی (شەهلا) گووتی: فریشتە گیان خۆت دەزانی (شاهۆ)ی برام كورێكی چۆنە لەرووی ئەخلاقەوە تەنانەت ئاستی ئابووریشی زۆر باشە، ئێمە پێمان خۆشە تۆی بۆ داوا بكەین نازانم رات چیە؟ گووتم: راستە شەهلاگیان شاهۆی برات كورێكی تا بلێی بە رەوشت و باشە بەڵام ناتوانم هیچ بلێم تا پرسێك بە ماڵەوە نەكەم، دواتر وەڵامت دەدەمەوە. كاتێك لەلای دایكم و خوشكەكانم و دایە گەورەم باسم كرد زۆریان پێی باش بوو بەڵام گووتیان تا خوێندن تەواو نەكەیت نابێت هاوسەرگیری ئەنجام بدەیت.بۆ رۆژی دوایی وەڵامی (شەهلا)ی هاورێم دایەوە ماڵەوەمان پێیان باشەو حەز دەكەن بەو مەرجەی تا خوێندن تەواو دەكەم.

لەدوای تەواو كردنی خوێندن، ماڵی (شاهۆ) هاتنە داوام و مەسەلەكەمان كۆتایی پێی هێنا و چومە ماڵی خۆمەوە، بێگومان هەموو قوتابیەك دوای تەواو كردنی خوێندن چاوەرێی ئەوە دەكات لەشوێنێك دابمەزرێت بۆئەوەی سەرچاوەیەكی ئابووری تایبەت بەخۆی هەبێت. لەسەرەتا (شاهۆ) پێی خۆش نەبوو من وەك پیشەی مامۆستایی دابمەزرێم، زۆر رێگری بۆ دروست دەكردم،ئەو كاتەش وەك ئێستا دامەزراندن قورس نەبوو زۆر بە ئاسانی بەتایبەت مامۆستا دەیتوانی دابمەزرێت، چەندم پێ دەگووت شاهۆ من بۆیە خوێندنم تەواو كردووە بۆئەوەی دابمەزرێم نەك لەماڵەوە بم ئەویش هەر پێی دەگووتم ئەوەی تۆ مانگانە وەك موچە دەستت دەكەوێت من پێتی دەدەم ئیتر بۆچی دەتەوێت دابمەزرێیت. چەندم لەگەڵدا دەگووت هیچ سودی

نەبوو، تا رۆژێکیان بە باوکی شاهۆم گووت کە بە شاهۆ بڵێن رێگەم لێنەگرێت بۆ دامەزراندن، باوکیشی هەرچۆنێك بێت رازی کرد.

پاش ماوەیەك دەستم کرد بە مامەڵەی دامەزراندن و ناوم لە گوندێك هاتەوە کە زۆر دوور بوو لەسلێمانیەوە نەمدەتوانی هاتووچۆ بکەم ناچار بووم بمێنمەوە، زۆر هەوڵمدا گواستنەوەیان بۆ نەکردم چونکە من تازە دامەزراوبووم دەبوایە پاش چەند ساڵێك لەدەرەوەی شار بم دواتر داوای گواستنەوەی راژە بکەم، بەڵام بەهۆی ئەوەی هاوسەرگیریم ئەنجام دابوو بۆیان کردم بۆ گوندێکی نزیکتر بەڵام ئەویش بەهۆی سەختی رێگەکەوە نەم دەتوانی لەوەرزی زستاندا هاتووچۆ بکەم،بۆیە هەر ناچاربووم بمێنمەوە. پێویستی دەکرد بە شاهۆ بڵێم مەسەلەی دامەزراندنەکەم ناچاری کاری لەو چەشنەم دەکات، کاتێك شاهۆ ئەمەی بیست بەهیچ جۆرێك رازی نەبوو، دەیووت چۆن دەبێت ئافرەتێك کە شووی کرد شەوان لەدەرەوەی ماڵ بمێنێتەوە و خوا دەزانێت چی دەکات؟ بەراستی من ئەم بۆچونەی شاهۆم زۆر سەخت بوو بەلامەوە چونکە ئێمە پەروەردەی خێزانێك نەبووین کە شاهۆ ئەو بۆچونە هەڵەیەی بۆم هەبێت، دووبارە ئەمەش بوو بە گرفتێك بۆ بەهەمان شێوازی پێشو بە باوکی شاهۆم گووت بەڵام ئەمجارە ئەویش رای لەگەڵ ئەوەدا نەبوو من بە تەنها بمێنمەوە بۆیە ئەو پێشنیاری ئەوەی کرد شاهۆش لەگەڵمدا بێتە ئەو گوندە.شاهۆ بەمە رازی بوو چونکە لەدوایدا بۆم دەرکەوت شاهۆ دڵی لەمن خراپەو ناشتوانێت قسەی باوکی بشکێنێت بۆیە وازی لەکاسبی خۆی هێنا کە دوکانی کەرەسەی کارەبایی هەبوو، لەگەڵ مندا هات بۆ ئەو گوندە، بۆ دوکانەی کە سێکی لەشوێنی خۆی داناو هەفتەی جارێك دەهاتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی دوکانەکەی. بەهەرحاڵ بەشی پێداویستی خۆمان کەلوپەلمان کۆکردەوە و چوینە ئەو گوندە، لە قوتابخانەی گوندەکە سێ مامۆستای کچی تری لێ بوو. لەسەرەتا زۆر خۆشحاڵ بووم کە لەشوێنێکی نزیك دامەزراوم و دواتر هاورێکانم کەسی باشن، بەڵام بەداخەوە ئەم خۆشییە زۆری نەخایاند کەلەدوایدا ئەو دامەزراندنە لەو گوندە بووە مایەی نەگبەتی و ماڵ وێرانی بۆ من.

تا دوو مانگ هیچ کێشەو گرفتێکمان نەبوو تا بڵێیت ژیانێکی خۆشمان هەبوو،هەمیشە مامۆستا هاورێکانم دەیان گووت (فریشتە) کە سەیری تۆ و کاك شاهۆ دەکەین حەز ئەکەین ئێمەش زەواج بکەین، ئێوە لە دوو هاورێی زۆر خۆشەویست دەچن و کێشەکان لەرێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەکەن، بەڵام لەبەرامبەر خەڵکی بێ وەفادا هیچت پێناوگترێت، دواتر شەهلا بۆی باس کردین کە لەو گوندە بێوەژنێك هەبوو هەتا بڵێیت جوان بوو بەڵام لەرووی رەوشتەوە کەسێکی باش نەبوو وەك باسیان دەکرد هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە بووە تەڵاقدراوە، ئەم ژنە ناوی (بێخاڵ) بوو تەمەنی (٢١) ساڵ بوو کورێکیشی هەبوو، زۆر هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد هەرجارەی بە بیانوی شتێکەوە دەهاتە ماڵمان، ئێمەش زۆر رێزمان لێدەگرت و هەرچیەکی بویستایە کە دەچووینەوە بۆ سلێمانی بۆمان دەکری و چەندین جا پارەشمان لێوەرنەدەگرت!!! بێخاڵ تا دەهات خۆی زۆر لە شاهۆ نزیك دەکردەوە چەند جارێك لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ شاهۆ دەمانکردە دەنگە دەنگ و ناخۆشی ئەو پێی دەگووتم تۆ دڵت لە من پیسە لەکاتێکدا شاهۆ نەیدەهێشت جگەلە قوتابخانە بۆ هیچ شوێنێکی تر برۆم ئەگەر بشچومایە لەدوایدا لێمتورە دەبوو، بەڵام بۆ خۆی ئاسایی بوو پاش ماوەیەك دەستی کرد بە هاتوچوۆ بۆ ماڵی (بێخال) و دایك و باوکی بێخاڵیش زۆر شاهۆیان خۆشدەویست. ئەم خۆشەویستی و هاتوچۆیە تا دەهات گەرمتر دەبوو، لەمەوە پەیوەندی من و شاهۆ بەرەو ناخۆشی و لاوازی چوو، تا کار گەیشتە ئەوەی بریارمدا بچمەوە ماڵی باوکم تا چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە دەکەین. کاتێك چومەوە بۆ ماڵەوە دایکم پێی گووتم هەوڵ بدە خۆت نقل بکەیتەوە بۆ سلێمانی بۆئەوەی لەو گوندە نەمێنیت، زۆر هەوڵمدا بۆیان نەکردم گووتیان تا منداڵت نەبێت ناتوانین بۆت بکەین بێگومان منیش لەپشوی هاویندا منداڵم ئەبو نەك لەو کاتەدا بۆیە هیچم بۆ نەکرا، ماڵی باوکی شاهۆ کە زانیان من هاتوومەتەوە بۆ ماڵەوە، هاتن بۆ ماڵی باوکم و لەگەڵ دایکمدا قسەیان کرد منیش مەرجی ئەوەمەم هەبوو بۆ رۆیشتنەوەم کە شاهۆ هاتوچۆی ئەو ماڵە نەکات، شاهۆ بەم مەرجە رازی بوو. ئەم وەعدە هەمووی دووی رۆژی نەخایاند رۆژێکیان لەیەکێك لەمامۆستاکانم بیست کە ئاگام لەشاهۆ بێت چونکە خەڵکی گوندەکە بەباشی باسی ئەو و بێخاڵ ناکەن و زۆرشتی خراپی لێ باس دەکەن، بەشاهۆم ووت، ئەویش گووتی فریشتە هەموو ئەو قسانە راستە بۆیە ناچارم مارەی بکەم، گووتم چۆن شتی وا دەبێت، شاهۆ گگووتی من دایك و باوکی بێخاڵ پێیان گووتوم کە دەبێت بێخاڵ مارە بکەیت ئەگەرنا خراپت بەسەر دێت چونکە تۆ ئابروی کچی ئێمەت بردووە، ناچارم هەردەبێت ئەم کارە بکەم. منیش نەمتوانی ئەم بریارە پەسەند بکەم، بۆیە بریارمدا جیاببینەوە، هەرئەوەندە من هاتمەوە ماڵی باوکم شاهۆ بێخاڵی مارەکرد، پاش ماوەیەك خوای گەورە کچێکی پێداین، دایکیشم بۆ تەنها چرکەیەك نەیهێشت ئەو منداڵە لەلای من بێت گگووتی دەبێت بۆیان بنێریتەوە، زۆر گریام و لەدایکم پارامەوە کە نەینێرمەوە، بەڵام دایکم رازی نەبوو.

ماڵی باوکی شاهۆش تا سێ مانگ بەخێویان کردبوو، دوایی بە شاهۆیان گووتبوو کە دەبێت بۆ خۆتان بەخێوی بکەن، بەهەر شێوەیەك شاهۆیان رازی کردبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو منداڵە چارە رەشە چارەنوسی زۆر لەمن خراپتر بوو چونکە ئەو زمانی نەبوو باس لە ئازارەکانی بکات و خۆی لەو نەهامەتیە رزگار بکات، ئەوەندە پشت گوێ خرابوو لەلایەن باوك و زردایکەکەیەوە تا لەنەخۆشی و لەبرسانا گیانی سپاردبوو.

سەبارەت بەم رووداوە خاتوو " ئارەزوو نوری" توێژەری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە باسی لەرێگریەکانی دووبارە نەبوونەوەی ئەو جۆرە حاڵەتانە کرد: مرۆڤ بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی ناچارە دەبێت پەنا بۆ هەموو شتێك بەرێت، بەڵام ئەوەی (فریشتە) کردوویەتی کارێکی هەڵە نەبووە مەلەسەی دامەزراندنەکەی مافێکی خۆیەتی، بەڵام دەکرێت مرۆڤ ژیرانەتر مامەڵە لەگەڵ رووداو گرفتەکاندا بکات، بەتایبەت دایك دەبێت زۆر هەوڵ بدات گرفتی منداڵەکانی چارەسەر بکات نەك لەحاڵەتێکی لەو شێوەیە بەبێ بیرکردنەوە پشتگیری لەکچەکەی بکات بۆ جیابوونەوە لەوەش قورستر ناردنەوەی ئەو منداڵیە بۆ ماڵی خەزوری کچەکە، ئەو منداڵە ساوایە تەنها دایك لەئازاری منداڵەکەی دەگات، هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لە گریان و پێکەنینی منداڵ بگات جگەلە دایکی، لەکاتێکی ئاوا ناسکدا بریاری لەو چەشنە هەڵەیەکی گەورەیە، دەکرا فریشتە زیاتر ئارامتر بوایە لەسەر ئەو مەسەلەیە بەتایبەت بۆ جیابوونەوەکەی و هەوڵی زیاتر بدایە، چونکە هەردوو هاوسەر تا چەند لەگەڵ یەکتردا لێبوردە بن ئەوەندە بەختەوەری بەرجەستە دەکەن و زیاتر خۆشەویست دەبن لەلای یەکتر، هەرچەندە شاهۆش هەڵەیەکی گەورەی کردووە کە بەو شێوە رەفتاری کردووە، بەڵام لەم کۆمەڵگەیەدا هەردەبێت ئافرەت قوربانی بدات و خۆراگرتر بێت بۆ گرفتەکان، بۆئەوەی رووداوی لەم چەشنەی فریشتە دووبارە نەبێتەوە،

**من بەو مەرجەی رازی نەبووم داوای تەڵاقم کردو لێی جیابوومەوە بەڵام منداڵەکەم بووە قوربانی و لەلای زردایک گیانی لەدەستدا**

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: هەرچەندە رەفتارەکانی شاهۆ هەڵەی گەورە بوون بەڵام فریشتەش پەلەی کرد لەبریاری لێکجیابوونەوە کە نەخاسمە ئەو دوو هاوسەرە منداڵیان کەوتبووە نێوان دەبوایە قوڵتر بیربکەنەوە**



# پرچی درێــ
# لاساییکردنەوەیە یان بۆ

**شـــێوازی قژ داهێنان لەلایەن هەنـــدێ کوڕانەوە بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، لەهەمان کاتیشدا لەلای هەندێکی ترەوە زۆر گرنگ نییـــە. ئەوەی ئێمە لێـــرەدا دەمانەوێ بیخەینە روو ئەو شـــێوازەیە کـــەوا گەنجان بـــەکاری دێنن بۆ پرچی خۆیان کـــە بۆچی ئەو شـــێوازە بەکاردێنن، بەواتەیەکی تر ئایا خۆیان حەزیان لەو شێوازەیە یان بۆسەرنجراکێشـــانی کچان بەو شێوەیە خۆیان دەردەخەن.؟ لێرەدا**

### گرنگ ئەوەیە شێوازەکە لەگەڵ روخساری بگونجێت

(ئاشـــنا محەمەد) لەگـــەڵ چەند هاوڕێیەکـــی لەکافتریای کۆلێژی ئەدەبیات دانیشـــتبوو، ئەو بەم شـــێوەیە قسەی کرد" گەنجی ئەم ســـەردەمە زیاتر لەسەر مۆدیل دەڕۆن لەبەرئەوەی هەســـت دەکەن بەو شێوەیە جوانتر دەبن. بە ڕای من بۆ هەندێك کوڕ شێوازی ئاسایی جوانترە کەچی شێوازی تر بەکاردێنن بۆ داهێنانـــی قژیان و بەپێچەوانـــەوە هەندێ کوڕی تر بە مۆدیل جوانە کەچی بە ئاســـایی پرچیان شـــانە دەکـــەن، زۆر گەنج لاساییەکی سەیر و ســـەمەرە بەکاردێنن بەڵام ئایا تاچەند ئەو شـــێوازە جوانی دەکات. بە ڕای من گرنگ ئەوەیە شـــێوازەکە لەگەڵ روخساری بگونجێت"

### زیاتر لەهەموو شتێک بایەخ بە قژم دەدەم

(دینـــدار حەمـــەد) زۆر حەز دەکات قژی درێـــژ بێت ئەویش لەبەرئـــەوەی خۆی حەز لەوە دەکات نەك بۆ سەرنجراکێشـــانی کچ، دیندار پێـــی وابوو کە خەڵك پێیان خۆش نییە ئەو پرچی درێژ بێـــت بەڵام ئەمە ئارەزووی خۆیەتـــی و گوێ نادات بە قســـەی خەڵك. لە دوا قســـەیدا دیندار گوتی" زیاتر لەهەموو شـــتێك بایەخ بە قژم دەدەم، لەبەر ئەوەی هەست دەکەم جوانی قژ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر جوانی خۆم و قژی کورتیش لەگەڵ روخسارم ناگونجێت"

### ئەو مۆدیلەی گەنجان بەکاری دێنن هیچ جوانییەکی تێدا نابینم

(میدیا محەمەد) بەم جۆرە رای خۆی دەربری" مۆدیلی قژی کوڕانی ئێســـتا هیچ جوانییەکی تێدا نییـــە و لەلای من زۆر ناشـــرینە . کوڕان دەیانەوێت بەو ڕێگایە ســـەرنجی کچان بۆ خۆیان رابکێشـــن و کچان ســـەیریان بکـــەن. زۆربەی کوڕەکان لاسایی گەنجانی ئەوروپا دەکەنەوە و ئەمەش لەگەڵ کولتوری ئێمە ناگونجێت. زیاتر ئەو پرچە بەلای منەوە جوانە کە سادەیە و دوورە لە مۆدیل. ســـەرەڕای ئەمانەش کوڕانی ئێمە زۆر بۆیە ودەرمانی قژ بەکاردێنن ئەمەش کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەیە و دەبێتە هۆی هەڵوەرینی قژیان. پێم باشە گەنجان شێوازی سادە و ئاســـایی بەکاربێنن چونکە هەموو کاتێك مرۆڤ بەسادەییەوە جوانە"

### بۆ جوانی خۆم و سەرنجراکێشانی کەسی بەرامبەرە

(ســـیا محەمەد) پێـــی وابوو کە قژ کاریگـــەری زۆری هەیە لەشـــێوازی دەرکەوتنی دەم و چاو بەجۆرێك کە بەشـــێوەیەکی گەشـــاوە دەری بخات ئەگەر گرنگی پێ بدرێت یان دەم و چاو تێکبدات و وەك کەســـێکی نامۆ لەکۆمەڵگادا دەربکەوێت، بۆیە پێویســـتە هەموو کەســـێك بایەخی پێ بدات و رۆژانە خزمەتی بکات. لەبارەی خۆیەوە ســـیا گوتی" من خۆم شێوازی ئاسایی بەکاردێنـــم هەرچەندە شـــێوازی مۆدێرنم پـــێ جوانترە چەنکە



**کچێک: بەڕای من گرنگ ئەوەیە شێوازەکە لەگەڵ دەمووچاوی بگونجێت**



**فوتابییەک: مۆدێلی پرچی ئێستای کوڕان هیچ جوانییەکی تێدانییە، دەیانەوێت بەو شێوازە سەرنجی کچان بۆ خۆیان رابکێشن**


**ئا: هێمن قەسرێی**






# ـــژی کوڕان سەرنجڕاکێشانی کچانە؟

**بیـــروڕای چەند کچێکیش وەردەگرین ســـەبارەت بـــەوەی کە ئایا کامیان زیاتر ســـەرنجیان رادەکێشێت شێوازی ئاسایی یان شێوازی مۆدیل کە زیاتر لاســـایی کردنەوەی گۆرانیبێژان و ئەکتەرەکانی پێوە دیارە، هەروەها کۆمەڵێك پرســـیاری تریشمان ئاراستەی چەند کوڕ و کچێك کرد کە تایبەت بوون بەم بابەتە و ئەوانیش بەشێوازی جیاواز وەڵامییان داینەوە.**



●●●
**کوڕێک: بۆ جوانی خۆم و سەرنجڕاکێشانی خەڵکی بەو شێوازە تایبەتە پرچم دادەنێ**
●●●



●●●
**کوڕێک: پرچی درێژ جۆرێک ئارامیم پێدە بەخشێ**
●●●

پێویســـتە مرۆڤ لەگەڵ سەردەم بڕوات . سیا ئاماژەی بەوەدا کە ئەو بۆ جوانی خۆی و سەرنجراکێشـــانی کەســـی بەرامبەر شێوازێکی تایبەت بۆ قژی خۆی بەکاردێنێت.

### لاسایی کردنەوە لە شێوازی قژ دا زۆر جوانە

(شەهێن مستەفا) بەکارهێنانی شێوازی سەردەمییانە و لاسایی کردنەوە لە قژ داهێناندا بە دیاردەیەکی باش دانا، شـــەهێن پێی وابوو" مۆدیل و لاســـایی کردنەوە بەشـــتێکی زۆر جوان دەبینم لەبەرئەوەی ئەوە هەنگاونانە بەرەو پێشکەوتن بەڵام هیوادارم نەك تەنیـــا لەرووی جۆری جلوبەرگ و پرچـــەوە بەڵکو هەوڵ بدەن لەبواری رۆشنبیری و لایەنی پێشکەوتووی ترەوە بگەنە ئاستی ئەوان" بە قسەی شەهێن خۆ جوانکردن یان قژ داهێنان ئارەزووی تاکەکەســـە و وا باشترە کوڕان گوێ نەدەن بەقسەی خەڵك و بۆ خۆیان بژین نەك بۆ خەڵك.

### زیاتر قژی درێژم لێدێت بەڵام خۆم حەز دەکەم کورت بێت

"ئەگەر قژم درێژ بکەم زۆر جوان لێم دێت ئەمەش قســـەی خۆم نییە بەڵکو هاوڕێکانم پێیـــان گوتوم، بەڵام خۆم حەزدەکەم قژم کورت بێت و ئەمەش ئارەزووی خۆمە ." ئەمە سەرنجی گەنجێك بوو بە ناوی (شـــیمال خدر)، ئەو بەردەوام بوو لە قسەکانی" پێم وایە زۆربەی گەنجانی ئێستا پشت بە لاسایی کردنەوە دەبەستن و مـــن هیچ پێم باش نییە و ئەوان لەناو کۆمەڵگادا بەجۆرێکی تر باسیان لێوە دەکرێت"

### قژی هەندێ کوڕ زیاتر لە قژی کچ دەچێت

(دابـــان عومەر)یش دەڵێت: لەگەڵ رێـــزم بۆیان مۆدیلی قژی هەندێکیان زیاتر لەهی کچ دەچێت، سەبارەت بە لاسایی کردنەوەی شێوازی گەنجانی ئەوروپی من ناڵێم لەهەموو روویەکەوە خراپە بەڵام بەداخەوە گەنجانی ئێمە شـــتە ناشرینەکانیشـــیان تێکەڵ بە رەفتاری خۆیان دەکەن و کەمتر ســـوود لەلایەنە باشـــەکانیان وەردەگرن ئەمەش زیاتر لە شـــێوازی جلوبەرگ و قژیان دیارە" دابان زیاتر شـــێوازی سادە و ئاسایی ســـەرنجی رادەکێشێت و پێی باش بوو کوڕان مۆدیلێك بەکاربێنن لەگەڵ کەســـایەتییان بگونجێت لەبەر ئەوەی بـــە ڕای ئەو هەر مۆدیلێك کاریگەری دەبێت لەسەر کەسایەتییان.

### قژی درێژ جۆرێک لەئارامیم پێ دەبەخشێت

لەکۆتاییدا ویستمان رای (دانا سەمەد) بزانین ئەویش بەم شێوەیە رای خـــۆی دەربڕی" من بۆیە پرچم درێژ دەکەم چونکە جۆرێك لە ئارامیم پێ دەبەخشێت، هۆکارەکەشی تەنیا بۆ ئارەزووی خۆم دەگەڕێتەوە نەك بۆ سەرنجراکێشانی کچ، من لەمنداڵییەوە قژم درێژبووە" ســـەرەتاکەی خەڵك لەشێوازی قژی دانا ڕازی نەبوون بەڵام وەك دانا باسی کرد ئێستا کەس پێی ناڵێت بۆ قژت درێژە و لێی ڕاهاتوون.



# رووداوێکی سەیر و نادیار!!

کوژرانـــی: بە هەڵەی کەسـێك مایەی خەم و خەفەتی هـــەردوولا بە خاوەنی کوژراو و بنەماڵەی بکوژیش، بەڵام لەوە خەفەتبارتر ئەوەیە کە کەسێك بە هەڵەی دوو کەس بکوژێت و دواتر یاسا هەردوو کەسەکە ئازاد بکات..! کوشتنی بە هەڵە راستە نیازی تاوان تێدا نییە، بەڵام دەرەنجامەکانی کارەساتبارە و ژیانی مرۆڤێك لە ناو دەچێت، رووداوی ئەمجارە کوژرانی کەسـێکە کە قەدەری وا بووە بچێتە شـوێنی روودا و بە مشتومڕێکی سەرپێ ئینجا کەس هاوپیشـــە و بە هەڵەیەکی بچووك، خەڵتانی خوێن بێت، ئینجا ئەوەی کە زۆر جێگەی خەمە ئەم دوو کەسە باجی هەڵەکانیان نەدەن..

## ئێوارەی ڕووداوەکە

ئێوارەیەکـــی درەنگی زســـتان بـــوو، چایخانەکەی (مام ڕەشـــید) جمەی دەهات و هەڵمی ئاوی کوڵاو هەمیشـــە و بە بەردەوامی لەو پیاڵە چایانە بـــەرز دەبۆوە کە بۆ خەڵکەکەی ناو چایخانەکەی دەبرد،(مام ڕەشید) کە پیاڵەکانی دەشووشت جار جارە ئاوڕێکی لای ڕاســـتەی خۆی دەدایەوە و سەیرێکی دەرەوەی دەکـــرد و بزانێ داخوا باران دەبارێ یان نە، ئەو زۆر حـــەزی لە باران بارین و ســـەرما دەکـــرد، چونکە پێی وابوو کەش و هەوا چەند سارد و بەفر و باراناوی بێ خەڵك ئەوەندە ئـــارەزووی چا خواردنـــەوە دەکەن و چایخانەکـــەی قەرەباڵغ دەکـــەن، (حەمید) یەکێك بوو لەوانەی بـــەردەوام هاتووچۆی چایخانەکەی(مام ڕەشید)ی دەکرد، ئەوەی ئەو ئێوارەیە ڕوویدا قەت لە یادی(مام ڕەشید)ی چایچی ڕەش نابێتەوە ئێوارەیەکی خوێناوی خەمگین و دڵ تۆقێنەر.

(مام ڕەشید) ڕووداوەکە و چۆنییەتی ڕوودانەکەشی بەمجۆرە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کەس هێندەی من(حەمید) نا ناسێ، ئەو کابرایەکی هێمن و کەمدوو و بەڕێز بوو، لە وەتەی هاتووچۆی ئەو چایخانەیەی دەکرد کە پتر لە(٦) ســـاڵ دەبوو، تا ڕۆژی ڕووداوەکەش نەکەس لێـــی توڕە و عاجز ببوو، نە ئەویش دڵی لە کەس ئێشـــا بوو، بەخۆی گەنجێکی ئارام و خۆشەویست بوو، ئێوارەی ڕووداوەکە زووتر لە جاران هاتبوو، لە کورسیەکەی دەرەوە دانیشتبوو، ناوە ناوە داوای چایەکی بە ڕەنگی شیرینی دەکرد، ئەمجارەش داوای چایەکی کردەوە، کە بۆم برد گوتیی: مام ڕەشـــید تەماشاکە وا دیســـان باران بارییەوە ئەمجارە زۆر بەخوڕە، بە خوا جوانە و بارانێکی خۆشـــە، یاخوا هەتا بەیانی نەیکاتەوە، منیش گوتم ئامین، هێشـــتا فڕێکی لە چایەکەی نەدابوو دوو کەس(کانەبی و نازم) هاتن و لە نزیك کورسیەکەی ئـــەو دانیشـــتن و داوای چایان کرد، کـــە چایەکەم لە پێش دانان، دیار بوو پێشـــتر لە گفتوگۆو مشتومڕێکی گەرمترەوە هاتبـــوون بۆیە دووبارە لێرەش دەســـتیان بە مشـــتومڕکردەوە، مشتومڕەکەشیان لەسەر ئەو دەمانچەیە بوو کە جۆری(تۆپلۆ) بوو، کە لەلایان بوو، (نازانم) دەمانچەکەی لە دەست بوو هەر هەڵگێر و وەرگێڕی پێدەکرد و ســـەیری ناو لولەکەی دەکرد و ناوە ناوە بەرزی دەکردەوە و نیشانەی پێدەگرت.

ئـــەوان هەر خەریکی ئەو بەزمەیـــان بوون کە من چوومە ژوورەوە، دوای تەنیـــا دوو خولەك، زرمەیـــەك هات و دوای ئەویش بەیـــەك دوو چرکە تەپەك هـــات، هەموو ئەوانەی لە ناو چایخانەکە بووین حەپەســـاین و ئاوڕمان بۆ دەرەوە دایەوە و نەمانزانـــی ئەو دەنگـــە لە چی و لە کـــوێ هات، بەڵام دەمانزانی کە زۆر نزیك بوون بەڕادەیەك ترســـاین لەوەی نەبادا مادەیەکی تەقێنەر لە بەردەم چایخانەکە تەقیبێتەوە، سەرەتا تا دوو سێ چرکە نەمانتوانی لە شوێنی خۆشمان ببزوین، ئینجا چووینـــە دەرەوە بینیمان(حەمید) کەوتۆتە ســـەر دەم و گۆمە خوێنێکیش لە بن ســـەرییەوە دروســـت بووە و(نازم و کانەبی) یـــش بەرەنگ پەڕیوی و دەم بەش بوونەوە، چاویان زەق بۆتەوە و ئەوەی دەیبینن نازانن بەراســـت ڕوویـــداوە یان فلمێکە.. بە هەرحـــاڵ هەموو هاتینـــە دەرەوە و (نـــازم و کانەبی)یش بە یەکتریان دەگوت ئەو گوللەیە چۆن دەرچوو، لە دەست کامیان دەرچوو، نەیاندەزانی گوللەکە چۆن تەقی، وتم( کانەبی) ئەوە چبوو کێ( حەمید)ی کوشت؟ گوتی: بە خودای مام ڕەشید نازانم من نەبووم(نازم)یش گوتی: بە خودای ئەمنیش نەبووم، گوتمان کاکە با تەلەفـــۆن بۆ پۆلیس بکرێت خۆ ئەو تەرمە هەروا بە لە خوێن گـــەوزاوی بەجێی ناهێڵین، ئەوە بوو دوای کەمتـــر لە دە خولـــەك پۆلیس هات و (نـــازم و کانەبی)یان کەلەپچە کرد و بردیاننە بنکەی پۆلیس و ئینجا ئەفســـەرێك و چەند ڕێپێدراوێکیش دەســـتیان بە لێکۆڵینەوە و پشـــکنینی شـــوێنی ڕووداوەکە کرد و ناوی من و چەند کەسێکان نووسی و ئێمەشیان بردە بنکەی پۆلیس.

لەوێ دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی ڕووداوەکە کرد، پاش ئەوەی چەند پرسیارێکی دووردورودرێژیان لێکردین کاریان بە ئێمە تەواوبوو، ئێمەش گەڕاینەوە چایخانە.

## لێکۆڵینەوە لە بکوژی ڕاستەقینە

لە ڕووداوەکەدا لە نێوان(نازم و کانەبی) دا گرفتی بکوژی ڕاستەقینە ســـەریهەڵدا، هەردووکیان دەیانگوت کە دەمانچەکە گوللەی لێ تەقی لە دەستی مندا نەبوو.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە(س) بەمشێوەیە گرفتەکانی لێکۆڵینەوە لـــەو ڕووداوەی بۆ بـــاس کردین و گوتی: لـــە لێکۆڵینەوەی ســـەرەتاییدا نەمانزانی کامیان بکوژن، هەردووکیشـــیان وەکو یـــەك ڕووداوەکەیان گێڕایەوە کە گوایە دەمانچەکە لە دەســـت هەردووکیان بووە و خەریکی ســـەیرکردن و پشکنینی بوونە کە لە پڕ هەر هێندەیان زانیووە گوللەی لێ دەرچووە و بە(حەمید) کەوتووە و دەموودەســـت کوشتوویەتی، لە کاتی لێکۆڵینەوەشدا پەنچە مۆری هەردووکیان لەســـەر دەمانچەکە هەبووە، بەڵام کامیان بە هەڵە کوشـــتوویەتی نەمانزانی لە شـــوێنی ڕووداو و قســـەی شـــاهێد و هەرچی بەڵگەیەك کە دەستمان کەوت، هیچیان ڕێـــی ئەوەی بۆ نەکردینەوە کـــە بزانین گوللەکە لە دەست کامیان دەرچووە.

## ئازادکردنی تۆمەتباران

نزیکەی دوو مانگ(نازم و کانەبی) لە بەندیخانە بوون کە دادگای لێکۆڵینەوە هـــەر خەریکی لێکۆڵینەوەبوو بۆ زانینی بکوژەکە، بەڵام هەر نەگەیشتە ئەنجامێك ئیتر کە لێکۆڵینەوە تەواوبوو دۆســـییەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند کرا، لەوێش پاش هەڵســـەنگاندنی بەڵگەکان و وردەکارییەکانی ڕووداوەکە، دەســـتکرا بە دادگاییکـــردن، پـــاش دادگایکردنێکی چڕوپڕ دەرکـــەوت کە نازانرێت کامیان بکوژی ڕاســـتەقینەن، ئەوەبوو دادگا بڕیـــاری ئازادکردنی هەردووکیان دەدات، کە دوای پتر لە چوار مانگ مانەوە لە بەندیخانە کۆتایی کێشەکە بە ئازاد بوونیـــان دێت، ماڵی هەردوولا(نازم و کانەبی) بە بڕە پارەیەك لەگەڵ ماڵی(حەمید) ســـوڵح دەکەن بۆ ئەوەی کێشەکە سەر نەنێتە دوژمنداری و تۆڵە سەندنەوە و خوێن ڕشتن....

●●●
**حەمید هێشتا فرێک لە چایەکەی نەدابوو، دوو کەس هاتن لە نزیک کورسییەکەی ئەو دانیشتن و داوای چایان کرد**
●●●

●●●
**ئەفسەری لێکۆڵینەوە: لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا نەمانزانی کامیان بکوژن، هەردووکیان وەک یەک ڕووداوەکەیان گێڕایەوە و پەنجە مۆری هەردووکیشیان بەسەر دەمانچەکەوە بوو**
●●●



# فیتنەی پیاوێکی ئاژاوەگێڕ

**کە کێشەیەك لەنێوان دوو دراوسێ روودەدات خەڵکی گەڕەك و ئەوانەی لێیانەوە نزیکترین هەوڵدەدەن نێوانیان چاك بکەنەوەو کێشەکە تەشەنە نەکات و لەقەبارەی خۆی گەورەتر نەبێ، بۆ ئەمەش قسەیەکی خێر بۆ ئەملاو قسەیەکی خێریش بۆ لاکەی تر دەکەن، کەچی کەسانێك نەك قسەی خێر ناکەن، بەڵکو هەوڵدەدەن هەرچی پێیان بکرێت نێوانیان ناخۆشترو کێشەکەیان گەورەتر بکەن، وەك لەم رووداوەدا دەیبینین کە لەکێشەی نێوان ماڵی گۆڤەند و ئەوزاد روویداوە، کابرای ئاژاوەگێڕ تا فیتنەکەی هەڵنەکردو هەردوولا یەکتریان نەشیلا، وازی نەهێنا.**

## ماڵی گۆڤەند

ماڵی گۆڤەند خانوویەکی ٢٥٠ مەتری بوو، بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك دروستکرابوو، خانوویەکی گرانبەهاو لە شوێنێکی باشیشدا بوو، ئەوان ساڵانێکی زۆر بەتەنها لە خانووەکەدا دەژیان بەڵام کە کرێی خانوو بەرزبۆوە هەر کەسێك خانوویەکی هەبوایە بۆ کرێ، داهاتێکی باشی دەستدەکەوت، ماڵی گۆڤەندیش کە خۆی تەمەنی ٤٥ ساڵێك دەبوو، لەگەڵ چوار منداڵ و دایکی پێکهاتبوون، گۆڤەند ژنی مردبوو، ژنەکەی لە منداڵی پێنجەمدا بەسەر منداڵبوونەوە دەچێ و خۆی و منداڵەکەشی دەمرن، خۆشی لەبەر نەخۆشی، خانەنشین کردبوو، لەگەڵ پیرە دایك و منداڵەکانی بەمووچەی خانەنشینییەکەی دەژیا، رۆژێك دوای نیوەڕۆ بوو، کە دوو ژنی عەبا بەسەری گەنج لەدەرگای ماڵی ئەوانیانداو لە خانووی بەتاڵیان بۆ کرێ دەپرسی ئەوانیش گوتیان خانووی بەتاڵ لەم کۆڵانە هەر نییە، ئەگەر هەشبێ گرانە، ئەوانیش گووتیان گرانە قەیدیناکە بەس هەبێ، ئیتر دوای ئەم یەك دوو قسەیە رۆیشتن، گۆڤەند بەدایکی گوت ئەرێ دایە بۆچی گەراجەکەو بەر هەیوانەکەی ئەم لا نەکەینە خانوویەکی بچکۆلانە دوو ژووری باش و حەوشەیەکیشی لێدروست دەکرێ و دەتوانین بەکرێیەکی باشی بدەین و باربوویەکی باشی هەبێ بۆمان، بەهەرحاڵ دەستکرا بەدروستکردنی خانوو و لەماوەی دوو سێ مانگدا دووژوورەکە تەواوکراو، دیوارو ناوبڕەیان بۆ کرد، کە ئەمان ئەو کارەیان کرد، (نەشئەت)ی دراوسێیان خەریکبوو لەداخا بتەقێ، چونکە لەسەرێکەوە خانووەکەی ئەم بێ بایەخ دەبێ و ئەوانیش بەکرێیەکی باشی دەدەن، لە سەرێکی ترەوە هەر بۆ خۆی لەسروشتی خۆی کابرایەکی پیسکەو فیتنەچی و ئاژاوەگێڕو خۆ هەڵقورتێنەرو ناحەزبوو، ئیرەیی بە هەر کەسێك دەبرد شتێکی لەو باشتری هەبوایە، یا دەستکەوتایە، بێجگە لەوەش خۆشی لەچارەی گۆڤەندیش نەدهات ، چونکە داوای کچە گەورەکەی کردبوو بۆ کوڕی خۆی ئەویش بەبیانووی ئەوەی کەجارێ منداڵە، نەیدابوونێ، هەرچەند تەمەنیشی لەسەرووی بیست ساڵیدابوو.

ئەم کابرایە بەهەموو ئەو گرێ دەروونیانەی کە هەیەتی و گۆڤەندیش کچی خۆی پێنەدا دەبێ چی لێبێ.

## بەکرێدانی خانوو

باچۆنیەتی بەکرێدانی خانووەکەو هەڵگیرسانی شەڕەکەیان لەزاری گۆڤەند خۆی بزانین و بیبیستین، گۆڤەند بەم شێوەیە شەڕەکەی بۆ گێڕاینەوەو گوتی: خانووەکەمان تەواوکرد، هەردوای چەند رۆژێکی کەم، ژنێکی بەتەمەن و کوڕێکی جاحێڵ، پێدەچوو کوڕی بووبێت، پرسیاری خانووی بەتاڵیان کرد و گوتیان ئێمە خزمی فلانەکەسین و لەلایەن ئەوانەوە نێردراوین، ئەگەربماندەنێ خێزانێکی باش و بێ کێشەو گرفتین و مەمنوونتان دەبین، گوتم

سەبرێکم لێبگرە و ئێوارە وەرەوە وەڵامت بە ئا یان نا دەدەمەوە.

بەر لە ئێوارە چوومە لای خزمەکەیان کە دەمناسین، دوای چاك و چۆنی، پرسیاری ئەوانم لێکردن، گوتی خێزانێکی تابلێی باشن، بەهەرحاڵ ئێوارە کە هاتنەوە بە کرێیەکی گونجاو پێم دان.. ئەوان دوو سێ کوڕی جحێڵیان هەبوو رۆژێك کە لەوەرگرتنی مووچەی خانەنشینەکەم دەهاتمەوە دەبینم کوڕێکیان لەبەردەرگای ئێمە وەستاوە و کوڕەکە پەمپی ئاوی لە کچەکەم وەرگرت و بێ ئەوەی من ببینێ رۆیشت، کە چوومەوە لەکچەکەم پرسی ئەوە بۆ لەبەردەرگا وەستابووی لەگەڵ ئەو کوڕە؟

گوتی نەوەستابووم، پەمپی دەویست و داپیرەشم گوتی کچم برۆ بۆی ببە، هەمووی چەند چرکەیەك بوو راوەستانەکەم و تەنها پێمگوت زوو بیهێنەوە، ئێمەش ئاومان نایەت، ئیدی من هیچ گومانێکم لەدڵدا نەما تومەز ئەو جیرانە ئاژاوەگێڕەمان ئەو دیمانەیەی بینیبوو، کابرای ئاژاوەگێر ناوی نەشئەت بوو، بەیانی کە لەماڵ هاتمەدەر هاتە لام و گوتی قسەیەکت پێ بڵێم تورە نابی گوتم نەخێر، گوتی: ئێمە دەمێکە دراوسێی یەکترین و حەزناکەم کەس قسەو قسەلۆکتان بۆ هەڵبەستێ و ئاگات لەکچەکەت بێ جوان و جاحێڵە، با کەس قسەی بۆ هەڵنەبەستن، منیش گوتم مەبەستت چییە و رونیبکەوە؟ گوتی: وەڵڵا مەبەستم هیچ نییە، بەس وریاکردنەوەیە، مانگ هاتوو مانگ رۆیی هەر رۆژێ قسەیەکم لەکۆڵان دەبیست رۆژێك دایکم گوتی: گۆڤەند هەندێ قسە هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم ژنی ئەو ماڵە (ناوی زەهرا بوو) قسەیەکی هاویشتە بن زمانم و مەبەستی بوو شەیدای کچت بۆ یەکێ لە کوڕەکانی کە یاریدەدەری پزیشکییە بخوازێت، راستەوخۆ واینەگوت، بەڵام لەمەبەستەکەی گەیشتم، منیش گوتم وایە قسەوقسەلۆکێکی زۆر لەناو کۆڵان دروستبووەو دەرودراوسێ باسی پەیوەندی نێوان ئەو کوڕەو ماڵی ئێمە دەکەن ، زۆر زۆر نیگەرانی ئەو قسانەم و خەریکە شێت دەبم و واملێهاتووە، هەر کە چاوم بەو کوڕە دەکەوێ بەمن بێت ملی هەڵکێشم، دایکیشم گوتی: کوڕم من چاك ئاگام لە منداڵەکانتەو بەردەوام لەبەرچاومن، شەیداش چاك چاك دەناسم و زۆر لە تۆ باشتریش تێیدەگەم، رەنگە پێی خۆش بێت بیدەینە ئەوکوڕە، بەڵام بەو گۆڕەی کەباوکت سەری پێداکردووە هیچی لەگەڵ ئەو کوڕە نییەو بەقسەی کەسیش هەڵمەچوو.

گوتم: دایە وەڵڵا بەدەست خۆم نییە، دەتسرم رۆژێك زەبرێکی لێبدەم و دووژمنداری بکەوێتە نێوانمان ئیتر، دوای ئەو قسانە بەچەند رۆژێك نیوەڕۆیەك دەهاتمە ماڵەوە نەشئەتی دروایسێمان گوتی: وەرە گۆڤەند وەرەن گوتم: چییە، گوتی: بەهێواشی و بەچرپە برۆ بزانە ئەو کوڕە چۆن لەگەڵ کچەکەت قسە دەکات کە چووم بینیم لەبەردەرگا راوەستاون و قسە دەکەن، ... چاوم تاریك بوو، رامکرد لەپشتەوەڕا، تاهێزم تێدابوو شەقەزللەیەکم لە کوڕەدا، کچەکە چووە ژوورەوە و دایکمی ئاگادارکردەوە، کوڕەکە کە سەیری کردم تەنها ئەوەندەی گوت نەدابیە بزانی بۆ لێرە راوەستاوم و چیم دەوێ یەکسەر شەقم لێدەدەیت، من گوێم بەو قسانەی نەدا، تفێکم لێکردو دیسان دامەوە بەرشەقان، گوتی: هەرچییەك بکەی دەستت لێهەڵنابرِم بەڵام پاشان بۆخۆت پەشیمان دەبییەوە، ئیتر هەر رانەوەستام و خەڵك منیان گرتبوو، باوکی و دووبرای هاتنە دەرەوە ئەوانیشم جنێو باران کرد، لەو ناوە بوو کە دایکم بەتەلەفۆن هەواڵی دابووە براکانم و زاواکانم، تا ئەوان هاتن تۆزێك دووریان خستمەوە و دەرودراوسێ کەوتنە نێوانمان ، دوای چەند خولەکێك براکانم هاتن و نەشئەت هەر زوو خۆی گەیاندنێ و پێی گوتن کوڕە بگەنە براتان خراپیان لێداوەو بە هەموان پەلاماریان داوەو ئێمە نەمانهێشتووە پڕیانداوەتە نامووستان و کوڕەکەیان دڵداری لەگەڵ کچتان دەکات، ئەوانیش بەو قسانە خوێن بەری چاوی گرتن و بێ پرسیارکردن، چونکە کرێچیەکەی ئێمەیان دەناسی، پڕیاندانێ و پەلاماریاندان، شەق و بۆکس لەم لاو پێلاقەو دەستوەشاندن لاوە بووە هەرایەك ئەو سەری دیار نەبێ، لەو شەڕو هەرایە من لەدوو شوێنان سەرم شکاو پەنجەیەکیشم برینداربوو، ئەوان باوکیان برینداربوو دایکیان لە هۆش خۆی چوو، برایەکیان دوو پەراسووی شکاو لووتی کوڕێکیشان شکا بەکورتی بەدارو بە بۆڕی بەناو یەکتر کەوتبووین، تاپۆلیس نەهات کەس نەیدەوێرا شەڕەکە بکوژێنێتەوە.

بەهەرحاڵ هەموو بردراین بۆ نەخۆشخانەو یەك دوو برای من و دوو کوڕی ئەوانیش بەندکران، ئەفسەرەکەی نەخۆشخانە کە لەمەسەلەکەی کۆڵیبۆوە زانی قسەو قسەلۆکی خەڵکی ئەوانەی وا لە یەك هانداوە، بۆیە بەر لەوەی کێشەکە بکاتە دۆسییە، هەردوولای کۆکردەوەو لەسەرچاوەی شەڕەکەو کێشەکەی پرسی، ئیدی زانی مەسەلەکە چییە پێشنیاری کرد هەردوولا ئاشتببنەوە باشترە لەوەی هەردوولا بچنە بەندیخانەو دواتر تا رووندەبێتەوە کێ دەستریژی بەسەر کێ کردووە، چەند رۆژێك لەبەندیخانە دەمێننەوە ئینجا خزم و کەسوکاری هەردوولاش هاتن و کۆمەڵێك قسەی خێریان کردو کرێچییەکەمان کە بەڕاستی برینەکەشیان لە هی ئێمە سەختر بوو، ئامادەیی هەموو جۆرە ئاشتەواییەك بوون، من هەرچەندە زۆرم توند کرد لێیان و قسەم پێگوتن، بەڵام ئەوان هەر دەستیان لەملم دەکردو ماچیان دەکردم و ئاشتیان دەکردمەوە، گەورەبوونی شەڕەکەش هەر لە بەنەڕەتدا ئاژاوەگێڕی و فیتنەی نەشئەت دەگەڕایەوە لەلایەکی دیکەش براو زاواکانم سەبریان نەگرتبوو یەکسەر کردیانە شەڕو ئەوانیش ناچاربوون بەرگری لەخۆیان بکەن، بەهەرحاڵ هەردوولا تەنازولمان لەیەك کردو چووینەوە، بۆ بەیانی ئێوارەکەی ئەوان بەکۆمەڵێ خزم و کەسەوە هاتنە ماڵمان و هەموو جۆرە ئامادەییەکیان نیشاندا تەنها بۆ ئەوەی رەق و کێینە لەلای هیچ کەسێك دروست نەبێت، دوایش پاش چەند رۆژێکی تر ژنەکانیان بەناڕاستەوخۆ داوای لە شەیدای کچیان لێکردم، دایکم و براکانیشم هانیاندام کە رازی بم دوای مانگێك رازی بووم و مەسەلەکە بەخۆشییەوە بڕایەوە.

**سەرنج**

لەم رووداوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤ بەر لەوەی هەڵبچێت و بکیاتە هەراو هۆریا، وا چاکە کە پشهاتێکی بۆ دێتە پێش تۆزێك بەسەبرو ئارام بێ و بەشێنەیی و بەهێمنی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە ئینجا هەڵوێست وەرگبرێ، لەبنچینەدا هەڵچوون و جێنولێدانی گۆڤەند لە کوڕەکە لەجێگەی خۆیدا نەبوو، شەڕەکەش کە تەشەنەی کرد هەر لەبەر نەبوونی سەبرو ئارامی خزم و کەس و کاری گۆڤەند و نەگریسی کابرای فیتنەکار بووە.

●●●
**نەشئەت بەسروشتی خۆی کابرایەکی پیسکەو ئاژاوەگێڕو ناحەزبوو، ئیرەیی بە هەر کەسێک دەبرد شتێکی لەو باشتری هەبووایە**
●●●

●●●
**کە بینیم لە بەردەرگا وەستاون و قسەدەکەن تاهێزم تێدابوو شەقەزللەیەکم لە کورەکەدا، کە ئاورِی دایەوە تەنها ئەوەندەی گوت! نەدەبوایە بزانی بۆ لێرە راوەستاوم و چیم دەوێ؟**
●●●

●●●
**واچاکە کاتێک مرۆڤ پێشهاتێکی دێتە پێش، تۆزێک بەسەبرو ئارام بێ و بەشێنەیی و بە هێمنی لەمەسەلەکە بکۆڵێتەوە، ئینجا هەڵوێست وەربگرێ**
●●●